Dr.Saleh Ebrahimi





ئه‌مه مرۆڤی هه‌جیجی‌یه‌، که‌بزه‌ی سه‌رلێوی راستی‌و ئاشتی خوازی و دۆستی‌لێ ئه‌بارێ ئه‌م مێزه‌ره‌و ڤه‌ره‌نجییه‌ی به‌ری، تایبه‌تی خۆیه تی‌ئه‌م‌پیاوه‌له به‌رده‌س ته‌نگی‌و نه‌داری بوّما وه‌ی شه‌ش مانگ له‌ما له‌و و خه‌ریکی کلاش چنین ئه‌بێ ـ ٦ مانگیش بۆفرۆتنی ده‌سکرده‌که‌ی خۆی، به‌پیا ده‌به‌نا و کوردستانا ئه‌گه‌رێ، تاکلاشه‌ده‌س دوره‌کانی خۆی ئه‌فرۆشێ.



غار «کرفتو» و بنای تاریخی
«معبد میترا»

Dr.Saleh Ebrahimi



# قەباڵە کۆنەکانی باغی هەورامان

کاولی (A.Cowy) لە کۆڤاری ئەنجومەنی ئاسیای شاهەنشاهی کە لە ئینگلستان لەساڵی ١٩١٩ز- چاپکراوە (پەرەی ٤٧-١٥٤)- دەڵێ: ئەم سەنەدانە (:قەواڵە کانی هەورامان) کە سۆفی عەوڵلاَ وهاو ڕێکانی لەنیو غارێ کۆپە لەیێ پڕلە هەرزن(؟) پەیدا دەکەن کە جەعبەیەکی بچوکی لەنێودا بووە و قەباڵە خەتی‌یەکانی قەباڵەی مەی فرۆشی باغە مێو:ترێ لە نێو ئەو قوتوە دابووە (مێژوی هەورامان پەرەی ١٠٣٠ بەسەرە تاو ڕاست کردنەوەو کۆبە بۆنوسینی دوکتور نادر کەریمیان سەردەشتێ چاپی نەشری ئیحسان ١٣٨٦ هەتاوی تاران، کە دوکتور سەعید خان کوردستانی لەشێخ عەلائەدینی بیارەی وەرگرتووە، کەچوّتە لەندەن لە ساڵی ١٩١٣ز- ئەوانەی داوە بەپرفسۆر براون و ئەو ٣ سەنەدە، بەپێی تاریخی سلوکی (یونانی) دەگەرێتەوە بۆ دەورانی فەرهادی ٤ (: فراتیس٤) کەلە ئەشکانیان بووە و لە ساڵی ٣٧ بەرلە زایین حوکومەتی کردوە، (هەرئەوێ)دوای لێکولینە وەلە لایەن کاولی‌و مینس و... سەنەدی ١ بە زمانی ئارامی لە سالەکانی ١٢-١١ بەر لە زایین (:کاروان ژمارەی ١٠ بەزمانی کوردی) و سەنەدی ٢ لە ٨٨ بەرلە زایین و قەباڵەی ٣ بەخەتی یونانی‌یە و لە سالی ٢٢ بەرلە زایین بلاّوکراوەتەوە. بێ‌گومان قەباڵەی **١ بە خەتی پەهلەوی (:گۆرانی)** یەکەلە خەتی ئارامی‌وە رگیردراوە: ئارامی تا چەند سەدە دوای عیسامەسیح هەر باو بووە، هەندێ واژەی ئارامی لەدەقی‌ئەم سەندەدا بەلگەیەلە سەرئەوە کە زمانی ئارامی هەروەکو زمانی یۆنانی و زمانی پەهلەوی ئەشکانی شوێنی لەسەر زمانی ئەو ناوچەی هەورامانەدا هەبووە و دوای بلاّو بوونەوەی دینی عیسامەسیح زمانی ئارامی هەروەک زمانی مدفەرِک برەوی پەیداکرد. باشە بزانین زمانی ئارامی لە ٢ **میرنشینی هەو لیّروکەرکوک** ببووە زمانی رەسمی و باو، پروفسوّر مینس لای وایە کە **زمانی ئەو سەنەدانە لەگەڵ زمانی کوردی** لەو مەڵبەندەدا پێوندەی هەیە. بەلاّم لەوەدەچێ **کەزمانی کوردی نەزانیوە** و ئەو سەنە دانەی باش بۆساغ

Dr.Saleh Ebrahimi



نەکراوەتەوە (تاریخی هەورامان پەڕەی ۱۰۳۴).

پروفسور کاولی کە ئارامی زانیوە؛ ڕای گەیاندوە کە سەنەدی ۳ دەقێکی پەهلەویە کە بەخەتی ئارامی نوسراوە و لە خەتی ۱دا بە تاریخ دەسی پێکراوە و پیتی ۲ بەواتای (۱۰۰)، دیارە ژمارەکان بەوێنەی حەرف نە نوسراون و ناوی ئەو (مانگە)کەلەو دەقەدا نوسراوە، بەوینە (ئەروتات)ە کە بەزمانی زەند (زمانی کتێبی ئاوێستای زەردەشت) بە (هورقتات) ناودارە. بەڵام واژەیێ‌تر کە دوای فیعل، ئەم واژەیە، زیاترلە ژمارەی (۱۳) دەچێ، بەڵام ناوێ کە بەدوای ئەوادێ لەوە دەچێ لەقەبی کەس بێ، لەپاشان واژەکان بەشیوەیێ پیوەند دراون کە واتای (مەیبان) یا سازدەری (مەی: شەراب): مەی دەگەیێنێ لەئای ئەو خەتەدا (۲ واژە) هەن کەیەکێکیان نیشانەی ئیزافەیە لەزوانی ئارامیدا. - لەخەتی ۲دا واژەیەک کە خوێندراوەتەوە، بەواتای (داری مێو: دارەترێ)یە. لەخەتی ۳ دا بە واژەی (رە زبان: (رەزەوان) خاوەنی باغ) دەس پێدەکاو دوای ئەو، ئەوەی خوێندراوەتە (داد: دادەن)ە، ئیشارەیێ کە بەدوای ئەوا هاتووە، داد بە (دادی) نوسراوە کە بەواتای (بەوی‌دا: بەوی بەخشی)یە.

بێشک واژەی (ئەیی) بەواتای (ئەم یا ئەو)ە. چون ئەم واژە لەتێکلاوی (ئەی - ین و فیعلی کۆمەگی (ە، ی = م) سازدراوە. لەدواییدا، واژەی هەمە یا کلیە، نوسراوە کە لەدوای ئەو ئاسەواریێ بیـنراوە کە بە بیروڕای کاولی ئیشارە بە (دراخما = دیرهەم)ی یونانیە کەیەکێ لەپوڵو دراوی زیوینێ کە لەو ناوەدا، برەوی هەبووە. لەڕاستیدا واژەی (زازو) لە ئاشوریدا بۆ پوڵەوردە و کەم بایەخ بەکار براوە - بەڵام واژەی ۴ کە بەوێنەی (زرین یا تیکەی تەڵاوزێڕ) مانابدا، وایە، چون ئەوەی رونە لەزەمانی ئەشکانیاندا، سەکەی تەڵا، برەوی نە بووە، واژەگەلێ کە بەدوای ئەوا هاتون بریەتین: لە (۱۰۰ + ۲۰ + ۵۰) و ژمارەی (۲۰) لەو دە قانەی کە لەسەر بەرگی (پاپیروس) نوسراون، فرە جیێ گۆڕکیێ پێکراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



خەتی ۴ بە نیشانەیێ دەس پێدەکاکەلە ۲ خەتی (۱و۲) ئیشارەی پێکراوە و دوای ئەو (واژەی: ئەز: من) کە بەر لە نازناوی خاوەن مولْک، زیکر کراوە، کە واژەیێ کوردییە و بە واتای (من، I، ئەنە)یە.

دوای ئەوە، چون ( ورەق پاپیروس) شکاوە، واژەکە، نە خوێندراوەتەوە، بە بیروڕای پروفسور کاولی، ئەبێ ناوی خاوەن زەوی بی،کە بە ئەریل؟ ناودار بووە ـ لەدوا ییدا واژەی مِی کەلەوە دەچێ لە واژەیێ کە واتای (کلیه) دەگەیێنێ، وەرگیردراوە. بەڵام لە پاشان کاولی لە دوا ییدا لەگەڵ دەقێ کە لە حاجیاوا، دۆزراوەتەوە بە راوردی دەکا و بە زحمەت خوێندویەتەوە ولای لایە ئەوە (پێش)ە.

لەخەتی ۵دا، یەکەم واژە بە واتای (شایەد و شایەدەکان)ە. پێتی یەکەم لەو (واژە) دالە دەقە کۆنەکان و بەرگی پاپیروس - ی دەورانی کەونارا، برەوی هەبووە.

دیارە نێوی شایەد لە ئاوەها دەقێ کۆندا، دوای مەبەستەکە، دە نوسرێ و بۆ هەر جۆرێ لە ناوەکان نیشانەیێ تایبەت دەنوسرێ، یەکەم نێو ئەشێ: (تیریک یا تورک) بێ. بەڵام ناوی ۲ رەش بۆتەوەو دوای ئەوە ناوی **(رەشنۆ)** هاتووە و لەوە دەچێ ئەم ناوە و ناوی دوای ئەوکە بەوێنەی (ئەرشتاد) نوسراوە لە ناوی جین وەرگیردرابن.

خەتی ٦ بە واژەیێ دەس پێدەکاکە جوان خوێندراوەتەوە، بەڵام واژەی ۴ ناوی لێکدراوە ولە ۲ بەش سازدراوە. کە بەشی ۱ لە ناوی خوای میتراکەلە بەرا بەوێنەی میترا پاتیش بووە، وەرگیر دراوە. بەڵام لەم دەقەدا بەوێنەی میترابادی نوسراوە و هەر لەم دەقەدا ناوی ئەم رەبونەوعە (: خوا) بەخەتی یونانی نوسراوە و بەوینەی میترا پاتیس نوسراوە. بەڵام هیریدۆت و نوسرانی دەقی سەردەمی ماد و هەخامەنشی ئەم رەبونە وعە (: خوا) بەوێنەی میترا باتیس یا میترا پانیش نوسراوە. کاولی واژەی ٦٥ بە (سیناکیس) خوێندوتەوە و واژی دوای ئەو نەخوێندراوەتەوە.

خەتی ۷ و ۸ هەروەکو مۆر و ئیمزاو دیان بە دەقەدا نانە و تە ئیید کراوە و

Dr.Saleh Ebrahimi



سەڵمێندراوە و ئەکرێ بەم شێوە، رون بکرێتەوە و بەیان بکرێ: ١ ـ ساڵ ٣٠٠ مانگی ئوروتات، تاجری شەراب «پتسپک Ptspk» کوڕی تورین.

٢ ـ قیمەتی؟ باغی ترێ «ئاسمەک Aamk» کەداویە؟ لە راست نیوەی داهات و بە دەس‌هاتی ئەوە؟ بوّ.

٣ ـ باغەکانی ترێی ئاریل کوڕی «سینن Sinin» کە ئەوەی بە ٥٥ زوزینا بە خشیووە.

٤ ـ کەلە راست خاوەن زەوی ئیقراری کردوەکە؟

٥ ـ تیکریک کوڕی ئاپین کوڕی رەشنو، ئەرشتاد کە شایەدی ئەوە بون.

٦ ـ کوڕی ئەنبو، گریپنی Gripnni کوڕی میتراپادی ـ سیناک کوڕی ماتبنگ matbng.

٧ ـ قیمەتی باغی ترێ (ئاسمتن Asmtn

٨ ـ پتسپک PK ی Pt و جەمعی گشتیەکەی ٥٥ زوزینە. بەپێی ئەو قسەو نوسراوانەی کە رابوردن، دەکرێ نەتیجە بگرین کە: باغی ترێ کە هی خاوەن زەوی یەکەیە، نیوەی باغە ترێکەی بەئاریل داوە و ئەو نیوە باغەترێ یە، ئاریل یا وەکیلی ئاریل بە «پتسپک و بەقیمەتی ٥٥ زوزین: (دیرهەم) فروّشراوە یا بەئیجارە دراوە. خاوەنی ئەوە لەحوزوری چەن شایەد، راستی و دروستی ئەو قەرار دادە موّر و ئیمرا کراوە و تەئید کراوە و سەڵمێندراوە و قیمە تەکەیش وەر گیردراوەو لەشێوەی تاریخی سلوکی بوّ نوسینی مێژووی ئەو سەنەدە کەڵک وەرگیردراوە کە لەگەڵ ساڵی ٣٠٠ سلوکی رێک کەو تووە کە بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ١٢ یا ١١ بەر لەزایین. یانی لە نێوان ئاخرو ئوخری نوسراوە خەتی بزماری و سەرەتای خەتی ئارامی، چونکا لە سەرە تای هاتنی ئاینی مەسیحی زمان و خەتی ئارامی وردە وردە، پێش خەتە کانی ترکەوت و بووە زمانی دین و ئینجیل. باوەکو بوّماوەی ٦ سەدە لەدەورانی سلوکیان تا لە ناوچونی ئەشکانیان: (٣٠٠ بەر لەزایین) ئەو زمانە بەردەوام بووە، جێ خوّی داوە، بەزمانی ئارامی.

کاولی لای وایە کە ئەو قەباڵە بە زمانێ تێکلاّ ولە زمانی دەورەی ئەشکانی (: پە

Dr.Saleh Ebrahimi



هلەوی: گۆرانی) و زمانی یۆنانی و زمانی ئارامی نوسراوە و ئەشکانیان لەو زەمانەدا زمانی ئارامی یان بەکاربردوە و زمانی ئەشکانی لەمێژودا بە (هە زوارش: رافە، شەرح، تەفسیر) ناو براوە و ئیبنی نەدیم بە (زوارش) ناوی بردوە. بۆ نمونە لەباتی (لەحمی = عەرەبی) واژەی «بەسرا»ی لە جیێ دانراوە و بە گۆشت خوێندراوە تەوە ـ یا(نان)نوسراوە کە بە عەرەبی (خوبز)ە، واژەی (لَـها) یان لە جیاتی نوسیوە و هەربە (نان)یش خوێندراوەتەوە. یانی ئەوجۆرە واژانە نوسراون، بەلام گۆنە کراونو لەباتی ئەوان واژەیتر خوێندراونە تەوە. (کوری نەدیم چاپی ۹ لیدەن، هولەند، پەرەی ۱۴ بە عەربی). ـ لەم سەنەدەدا خەتێ کە بەکارهاتووە لەخەتی ئارامی وەرگیردراوە و نیشانەی پیتی بێ دەنگ لە ۲۲ پیت بۆ ۱۴ پیت لەم قەباڵەداکەم کراوە تەوە و نوسەرەکە لە بابەت پیتی (و،ر،عین) توشی هەڵە بووە و چەن نیشانە لە پیتی بێدەنگ هەیەکە دەکرێ بەشێوەی جۆربەجۆر بخوێندر تیەوە ـ ناوی (خاوەن باغ، زەوی، شایەدەکان) بە واژەی ناوچەی هەورامان نوسراوە و خەڵکیش بەزاراوەی خۆماڵی خۆیان قسەیان کردوە.

کاولی ناوی خاوەن زەوی بە (داد باکانزاس ـ گافزاکی، داد باکاباگ) خوێندوتەوە و هەرو رایگە یاندوە ئەکرێ خاوەن زەوی ناوێتری بەوێنەی (ئیسمەک یا ئیستەمەک) هەبوبێ کە لە (ئیسمین)ی پەهلەوی گۆرانی وەرگیردرابێ کە بە واتای زیوەکە هێمان (سیم و سیمین) لە زمانی کوردی دا باوەو بەکاردێ. فرە لەوە دە چێ واژەی (: قی‌بان، رەزبان، داد، زەرین و...) واژەی خۆماڵی هەورامانی کوردی بنو (مەی‌وان، رەزەوان) بوون (و،ب) جیێ گۆرکێ یان پێی کرابێ (خولاسەی پەرەی ۱۰۳۱ تا ۱۰۴۳ کتێبی تاریخی هەورامان بەسەرە تاوراست کردنەوە و کۆبە بۆنوسینی دوکتور نادرکەریمیان سەردەشتی لێکولەر بە فارسی چاپی ۱۳۸۶ هە تاوی چاپخانەی مەهارەت، نەشری ئیحسان).

■ لە نێو زانایانی ئەم دوایەی ئێرانی دوای لێکولینەوەی مینس و کاولی و باقی روژ

Dr.Saleh Ebrahimi



هەڵاتناسانی غەربی و روس، پیرنیا لەوە دەچێ یەکەم کەس بێ کەلە کتێبی ئێرانی باستاندا، یادی قەواڵەکانی هەورامانی کردوە و نوسیویەتی: «لە ساڵی ١٩٠٩ز- لەهەوراماندا سێ: (٣) قەواڵەی پڕبایەخ دۆزراونە تەوەکە ٢ نوسخە لەوە بە خەتی یۆنانی و سێۆمەکەیان بە زمانی پەهلەوی و خەتی ئارامی یە. هەر ٣ بە سەر پێستی ئاسکەوە، نوسراون و پێوەندیان بە دەورەی ئەشکانیانەوە هەیە، چونکا، تاریخی ئەو ساڵە (٣٠٠)ی ئەشکانی یەکە رێکەوتە لەگەڵ ٥٣ زاینی. دیارە خەتی پارتی خەتی ئارامی یە و ئەوە بێجگە لە سەنەدی قەباڵەکانی هەورامانە کەلەو سکانەی کەلە میهرداد -ی چوارەم، بلاشی ئەوەڵ و سێۆەم و چوارەم و پێنجەم و ئەردە وانی پێنجەم، بەجێماون، دەسە لمێنێ کە بەسەر روی ئەوانەوە، واژەی پەهلەوی (: گۆرانی: پارتی) بە خەتی ئارامی نوسراوە (بڕواننە ئیرانی باستان حەسەن پیرنیا: موشیر دەولە ج ٣، پەڕەی ٢٦٩٦ تاران، دنیای کتێب ١٣٦٩ هەتاوی چاپی ۴. - پیرنیا لای وایە خەتی رەسمی پارتی بە پێی ئەو سەنەدانە، خەتی ئارامی یەولە بە ینە نەهرەین بۆ دەوڵەتی هەخامەنشی و پارتی بە وەدیعە دانراوە. بەڵام گیریشمەن بە پێی ٢ قەباڵەی یونانی، شوین دانانی زمان و فەرهەنگی یۆنانی - هلنی بە بەرچاوتر دەزانێ و **لای وایە زمانی ئارامی کەلە زەمانی هەخامە نشی‌دا زوانی رەسمی** بوولە سۆنگەی ئەوە، کە ئیسکەندەر ئێرانی داگیر کرد. زمانی ئارامی جێی خۆی‌دا بەزمانی یۆنانی. بەڵام لە گوندە کان و شوێنێ کە دەس ئیسکەندەریانی پێی‌نەئەگەیی، زمانی خەڵکی **لە ناوچە جیاجیاکاندا هەروەکو خۆی** ما. بەڵام لە هەندێ ناوەندی ئێراندا بە ٢ زوان شت دەنوسرا. - ئانتوان گلین A.Ghilain بە پێی تویژینەوەکانی مینس، کاولی، هیرتسفلدونیبرگ لە بابەت **قەباڵەکانی هەورامانی کوردستان** کە دەقە یونانیەکەی لە ساڵی ٨٨ بەر لەزایین نوسراوە، چەن وشەی پارتی پشت نوسراوی کراوەکە مانای قەرار دادە یونانیەکە، نیشان دەدا، دیارە **دەقی پارتیەکە لە یۆنانیەکە، تازە ترە.** سەنەدی تاریخداری ٢٢ تا ٢١ بەر لەزایین، دەقی پارتی نیە. بەڵام بێجگە لە و ٢ قەرار دادە، قەراردادی

Dr.Saleh Ebrahimi



سێوەمیش **دەس کەو تووەکە بە تەواوی بەزمانی پارتیە** و بە پێی ئەوەکە عەددەدی خەتی ئەوە لێ دەق بە زیاترلە ٣٠٠ یا ٤٠٠ بخوێندرێتەوە. دەگەرێتەوە بۆساڵی ٨٨ تا ١٢ بەرلە زایین (بڕوانئە سەرەتای ریسالەی زمانی پارتی، تەرجەمەی میهدی زەرغامیان، پەرەی ٢٣ - ٢٤ و هەروا E.H.minns, of, laud.

ئورانسکی زواناسی روسی دەڵێ: «لە ساڵی ١٩١٣ز- موزەی بەریتانیا ٣ پارچە چەرمە نوسراوی کە لەکوردستان لەنێزیک گوندی هەورامان دۆزرابونەوە، کڕیبونی. ٢لەو چەرمە نوسراوانە بەزمانی یۆنانی و سێوەمەکەی **بە پیتی پەهلەوی (:گۆرانـی)** و بەزمانی پارتی بووە.

لەکۆبەی سەنەدی یەکەمدا مەبە **ستێکیش بە زمانی پارتی نوسرابوو**. ئەو ٣ سەنەدە قەباڵەی کڕین و فرۆشتنی پارچە زەوی و باغەترێ یەک بووە و لەوە دەچێ لە سەدەی ئەوەڵی زایین دابوبێ. سەنەدی پارتی لەبابەت و شەوە هەژارە (: نەدارە) و بە تێکڕا (٢٣) پیتی پەهلەویە و لەو ژمارەیە ١٥ ناوی تایبەتن (بەرکوڵی فیقهولۆغەی ئێرانی، ئورانسکی، تەرجەمەی کەریم کەشاوەرز، بەشی ٣ پەرەی ١٩٣) خانلەری لە پەراوەی تاریخی زمانی فارسی لە بابەت: قەباڵەکانی هەورامانەوە نوسیویەتی: بەڵام هەر بیروڕای ئانتوان گلین، مینس، هیرتسفلد و ئیبرگی کاویژکردوتەوە.

بەقسەی هیرتسفلد سەنەدی **٣کە بە زبان و خەتی پەهلەویە** و لە تاریخی ٣٠٠ نوسراوە، ئەگەر ئەو تاریخە لەسەر بنەرەتی تاریخی سلوکی بێ، ئەبێ لەسەرەتای سەدەی یەکەمی بەرلە زایین نوسرابێ و لەو چەرمە نوسراوەدا لە فرۆتنی باغی ترێ kharmä قسە کراوە: E.Herzteld paikulil, Berlin 1924 - p. 83.

- وە بۆزاراوەی فرۆتن و کڕین لە فیعلی ئارامی zedan بەوێنەی جۆراوجۆر کەڵک وەرگیردراوە، لەم سەنەدا، قسمەتی باغە ترێکە بە ٥٤ دیرهەم دانراوە و لە راست مامەلە کەدا لەراست شایە دەکان، سوێند خوراوە و نێوی خاوەن زەوی بە وێنەی (بوم خواتای)

Dr.Saleh Ebrahimi



نوسراوە (بوم) یانی زەوی و (خواتای) خاوەن، خێوی زەویەکە (بروانە خەتی ۴ سەندی ۳:

E.Herzfeld Faikuli, L.Glossary Berllh, 1924. s 154; H, Snyber. the pahlavi documenta le mondeorietal, t 17, 1923, p.202.

لەو نوکتانەی کە قسەیان لێکرا جوان دەردەکەوێ کە لەزەمانی پارتیان مالیکیەتی شەخسی هەبووە.

ژالە ئاموزگار (خانم دوکتور ژالە ئاموزگار یەکێ لەخانمە زاناو پڕعیلمەکانی کوردی شاری خۆیە) و دوکتور ئەحمەد تەفەزولیش رایان گە یاندوە: «۳ سەنەدی پێوەندیدار بەفرۆشی ۲ باغەترێ کەلەسە رپێستی ئاسک نوسراوە و لە هە ورامانی کوردستان پەیدا کراوە و ئێستا لە موزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە، ۲ سەنەد لەو ۳ سەنەدە، بە زمان و خەتی یونانییە، هەر دوکیان تاریخی سلوکی پێوەیە، یەکێکیان ۸۸/۸۷ بە رلەزایینە و ئەوی دیکە یشان ۲۱/۲۲ بەرلە زایینە. لەپشتی یەکێکیان چەن واژە، **بەزمانی پارتی** نوسراوە کە کورتەی دەقە یونانیەکەیە. لەوە دەچێ نوسین بەم زمانی پارتیە لەهی یونانیەکە تازەترە : **سەنەدی ۳ تەنیا بە زمان و خەتی پارتیە** و تاریخی ئەشکانی هەیەکە **۵۲ یا ۵۳۴** هی زایین بێ.خەتی پارتی ئەم قەباڵە هەورامانە لەخەتی سەرسواڵەتەکانی (نسا) دەچێ (: زمانی پەهلەوی (ئەدە بیات و دەستوری ئەو) ژالە ئاموزگار، ئەحمەد تەفەزولی پەرەی ۱۵-۱۶- **بەرێز دوکتور بە هەمەن فەریوەر، لێکوڵە ری‌کورد (سۆران سنەیی)**. لە ساڵی ۱۳۷۹ هەتاوی لە رۆژنامەی هاوشاری مەبە ستێکی لە بابەت قەباڵە کۆنەکانی هەورامانەوە نوسیبو، کە لەبەرا ئەو مەبەستەی لە گۆفاری سروە بڵاو کردبوە وەو سەرنجی لێکۆڵەرانی فرەی بولای خۆی راکێشابوو، دیارە لەو تارەکەی **بەرێز دوکتور جەماڵ رەشید ئوستادی زانکوی** بەغاکەلکی وەر گرتبوو خویشی لێ زیاد کردبو.

سیسیل، جی ئیدمۆندز لە کتێبی کورد، تورک، عەرەب تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی چاپی ۱۳۶۷ روزبیهان تاران پەرەی ۳۹۲. دەنوسێ:ئەو قەباڵانە لە ۱۶۱۳ ز- بەهۆی

Dr.Saleh Ebrahimi



**دوکتور سەعیدخان کوردستانی** براو نەتە ئینگلیستان و لەدواییدا موزەی بەریتانیا لەوی کڕیوە ـ لەوە دەچێ ئەمە بەشێ لە مەجموعە یەکی گەورەتر بوبێ و تیاچوبێ.

هەریەک لەو قەبالانە بە پێی سوننەتی کۆن دارای ٢ دەقە، دەقی ئەوەڵ لە نیوەی لای سەروی قەباڵە و بە شێوەی توغرایە:کە بە تاڵەڕێسمانیەک بەنێو تومارێکدا دەروا و پێچراوە و مۆڕکراوە. بەشی ٢ یانی لای خوار قەباڵەکە کراوەیە و هەمیشە بۆ دیتن ئامادەیە. قەباڵەکان لە بابەت بە ئیجارەدانی یەک باغە ترێیە، کە ئەوەیش خۆی نیشانەی جۆرێ خاوەن موڵکی هەل و مەرجدارە. بەقسەی پسپۆڕانی زمان ناسی،قەباڵەی یەکەم بەخەت و زمانی یونانیە و تاریخەکەی ساڵی **٢٢٥** سلوکی و (**٨٧ـ٨٨** بەرلە زایینە) و لە سەردەمی فەرمانرەوایی میهرداد ـی ٢ ئەشکانی بووە و قەباڵەی دوەمیش بەخەت و زمانی یونانیە و لە ساڵی **٢٩١** سلوکی و (٢٢ ـ ٢١ بەر لە زایین و سەردەمی فەرمانرەوایی فەرهاد ـی ٤ کورباکوسی ئەشکانی نوسراوە. بەلام قەباڵەی سێوەم بە ئەلف و بێ ئارامی دەسکاری کراو، نوسراوە و دەگەرێتەوە بۆساڵی ٣٠٠ سلوکی و (١١ـ١٢ بەرلە ئیسلام) لە رۆژگاری فەرهادی ٤ ئەشکانی. قەباڵەی سێوەمی هەورامان بە بیروڕای پرۆفسۆر کاولی **بە زمانی پەهلەوی پارتی (:گۆرانی)یە**، کەچی پرۆفسورمینس نوسیویەتی ئەوە لە **زمانی کوردی نێزیکە**، بەلام لەسەر بنەرەتی توێژینەوەی ئەلف و بێ ئارامی دەقی قەباڵەی سێوەم لە بەرنوسینی فۆنیمەکانی زمانی خەلکی ناوچەیی کەقە باڵەکان لەوێ، پەیدابون دەسکاری کراوە و بە یەقین ئەم دەقە جۆرێ لە شێوەی کۆنی ئەو زمانەیەکە **ئەمرۆ بە زمانی کوردی بە ناو بانگە.**

□ توێژینەوەی رۆژهەلات ناسان و زمان ناسان لە بارەی قەباڵەکۆنەکانی هەورامان.

لە ساڵی **١٩١٥**ز ـ پرۆفسۆر مینس،و تارێکی لەبارەی قەباڵەی یەکەم و دوەمدا بە خەتی یونانی لە بلاوکی تەحقیقاتی هلنی بلاوکردەوە، لەپاشان پرۆفسۆر کاولی لە **١٩١٩**ز ـ و تارێکی لە بابەت قەباڵەی سێوەمی هەورامان کە بە خەتی ئارامی نوسرابوو لە

Dr.Saleh Ebrahimi



بڵاوکی ئەنجومەنی ئاسیایی سەڵتەئەتی ئینگلیستان بڵاوکردوتەوە. هەروا دوکتور ج.س. ئیبیڕگ لە ساڵی **۱۹۲۳**ز- لەگۆفار جیهانی شەرق مەبە ستێکی بەناوی **(سەنەدەکانی پەهلەوی هەورامانی)** لە بابەت قەباڵەی سێوەم بڵاوکردوتەوە. هەرواسیسیل، جی. ئێدموندز بە ریوەبەری کارو باری بەریتانیا لە عیراقدا لە ساڵەکانی **۱۹۱۹-۱۹۲۵**ز- لە بابەت قەباڵەکانی هەورامان لەکتێبی کورد تورک و عەرەب نوسیویەتی و دەڵێ: لەوە دەچێ ئەو قەباڵانە هی هەورامان نەبن‌ولە پاشان هاتبێتە ئەو شوێنەی کە لێ‌دۆزراوە تەوە. بەڵام لە ساڵی **۱۹۸۳**ز- **بەرێز دوکتور جەمال رەشید ئەحمەد ئوستادی زانکوی بەغا،** و تارێکی لەو بابەتەوە بڵاوکردوتەوە و لە ساڵی **۱۹۸۸**ز- لەکتێبی تەحقیقاتی زمان ناسی سەرزەوی کوردستان ئەوزانا دلسوزەکوردە خەتی قەباڵەکانی هیناوە تە، سەرشێوەی ئەلف و بێ عەرەبی و **قەباڵەکانی بە زمانی کوردی تەرجەمەکردوە** و لە چەن و تارێکدا فرەیێ لەکونج وکەلێنی تاریخی و زمان ناسی ئەوقە باڵانەی بە وردەکاری و بە شێوەیێ عیلمی و بە دانستە رافەی کردون ولێکیداو نەتەوە، هەروەکوهێلکەی پاک کراو لە بەردەس زانینخوازانی داناوە و زانا ولێکوڵەری **پرکار بەرێز دوکتور نادر کریمیان** سەردەشتی لە ساڵەکانی **۱۹۹۰**ز- **۵** و تاری بە زمانی شیرینی کوردی بە ناوی: قەواڵە کۆنەکانی هەورامان لەگۆفاری سروە، بڵاوکردوتەوە و فرە بە جوانی نرخ وگرینگی ئەوقە باڵانەی شیکردوتە و نیشانی داوە و نوسیویەتی: تۆیژینە وەی قەباڵەکانی هەورامان، لەروانگای زمان ناسی. تاریخی پێوەندی یەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، خوێندنەوەی ئایینەکان، باوەرەکانی کەو نارا، لە حەوزەی جوغرافیایی روژ هەڵاتی نافین بە تایبەت لە ناوچەی هەورامانی کوردستاندا فرەگرینگە. ئەو قەباڵانە فرەیێ لەشتەنە ناسراوەکانی فەرهەنگ و زمانی کوردی بوئێمە رون دەکاتەوە، چ لە بابەت خەت، زمان، دین و ئایین، باوەرو ئاداب و روسومی کۆمەڵایەتی، ئابوری و ماف و حەق و حوقوق و زمان ناسی و...

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەو ناوانەی کە لەو قە باڵانەدا هاتون، ئێستایش لە نێو نە تەوەی ڕەسەن و نەجیب و شەریفی کورد، دابرەویان هەیە و هەن، لەو جۆرە واژانەی کەلە و سەنەدانەدا بەکار براون نیشانەی ئایینی میهر پەرستی (میترائیسم) دە بیندرێ، ئەو جۆرە واژانەی وەکو (: ڕەشنوێ، میرا بەندەک، ئورونت میسیرا پادی) نیشانەی سەردەمی میهرپەستی‌یە لە نێو کورد و ئێرانیەکاندا (میهر یا میترا میهرا) بە واتای دۆستی و محەبە تەبە باوەری ئێرانیانی کەو نارامیترا) پەری پێوەندی دەری ئافراندەرە لەگەڵ ئافراندراو. لەگازە ـی زەردەشت ئیسپیتمان، میهر بە واتای پەیمان و بەڵینە. لە ئاوێستادا، میهر یەکێ لە ئافراندراوی ئاهورامە زدایە و نیگاوان و پاریزەری عەهدو پەیمان و فریشتەی رونـاکـی و نـوره ـ جەژنی میهرەگان، تایبەت بە ئیزەد میهرە، ستایشی میترا ئایینی کەونارای کوردو ئەقوامی‌تری ئێرانیە، ئایینی ئیزەدی، یەکێ لە **ئایینە کۆنە کانی کوردانە،** لە قەباڵەکانی هەوراماندا (ئەم واژانەی وەکو: (ئاراماسەد، ئاردین، ئارشتت و داد باگاباگ) ئێمە دە باتەوە سەردەمی مەزداپەرستی و ئایینی مەزدیسنان،کە لە ئێرانی کۆن و هێنداهە بووە.

□ لەکوردستاندا ئاهوراپەرستی پێشینەیێ کۆنەتری هەبووە و دەگەرێتەوە، ڕۆژگاری، میهرپەستی و بە هۆی زەردەشت ئیسپیتمان کرایە باوەری تاکە پەرستی ناوداربە ئایینی مەزدیسنان: پەسن وێژی ئاهۆرا مەزدا.

□ ئەوقە باڵەکۆنانەی هەورامان زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ پێشتر، بە جوانی نیشان دەداکە لەنێو نەتەوەی کوردا، جۆرێ خەت و نوسین بەزمانی کوردی باو بووەکە بەخەت و ئەلفو بیێ ئارامی نوسراوە و بۆنوسینی ئەوقە باڵانە و سەنەدی رسمی کەلکی لێوەرگیردراوە. دیارە بۆنیشان دانی فونیمەکانی تایبەت بە زمانی نیشتە جێ یانی کەونارانی کوردستان، هەندێ لەئەلف و بیێ ئارامی بەزیادکردنی چەن نیشانەی تایبەت دەسکاری کریاوە، هەر ئەوە یەکەلە قەباڵەکانی هەوراماندا خەت و ئەلف و بیێ کوردی بیندراوە و ناوی کەسەکان بە پاشگری یونانی نوسراوە. یائە شێ بێژین هەزوارش بێ، یانی

Dr.Saleh Ebrahimi



بە واژەی ئارامی نوسرابێ، بەڵام بە شێوەیێتر خوێندرا بێتەوە. بەڵام پێویستە بزانرێ کە زمان ناسان، بە ئاشکرا، رایانگە یاندوە کە: (زمانی دەقی قەباڵەی سێوەم لە **کوردی ئەمرۆ** نێزیکترە. **بەڵام چون زمانی کوردیان نەزانیوە، ئەو قەباڵەی سێوە میان بەزمانی پلەهلەوی** ئەشکانی زانیوە. هەرچند ئەو **پە هلەوی یە لەراستیدا زمانی کوردی گۆرانی** ئێستایە. دیارە زمان ناسانی کورد زوان، بە باشی دەزانن فرەیێ لەو واژانەی لە قەباڵەی سێوەم بە کار براون واژەی رەسەنی کوردین و بەسەر زاری کوردانە وەیە، تازە شێوەی رستە و جوملە بەندیەکان و ساخت و سازی دەستوری رستەکان لەدەقی قەباڵەی سێوەمدا، نیشانەی گرامێری زمانی کوردی بە ئاشکرا خۆی نیشان دەدا.

□ ئەو قەباڵانەی هەورامان، فرە بەئاشکرا نیشان دەدا کە لەو سەردەمەدا لە نێوخێڵە کوردەکان، پێوەندی یەکی ماف و حوقوقێ ریک و پێک بەرقەرار بووە. جائەوە بگەڵە کاتی ئیجارە دانی باغە تریێ لە ناوچەیێ لەکوردە واریدا، لەبەرا نبەری چەن شایەدا، قەرار دادەکە، نوسراوە، کە خۆی ئەمە نیشان دەدا کە پێوەندی کشت و کاڵ و ئاوە دان کردنەوەی زەوی و زارو باغ، لەو رۆژگارەدا، گرینگی یەکی تایبەتی هەبووە، ئاوەدان کردنەوە و بوژانەوەی باغ و زەوی وزار ئەو نەگرینگ بووە، کە ئەگەر ئیجارەدارنەیتوانیبا، بە باشی کەڵک لەوە، وەربگرێ و داهات و دەسهاتی لێ پەیدا نەکا، ئەشێ تاوانی زەرەروزیانی پیێ نە چاران، بە خاوەن باغ و زەوی و زارەکە، بدا.

□ ئەم قەباڵانە، ئێمە دە باتەوە ئەو سەردە مەکەلە و سەردەمانەدا یونانیەکان خاکی **کوردستانیان داگیر کردوە و زمان و فەرهەنگی خۆیان** لەو مێژوەدا بەسەر کرودانا، داسە پاندوە و زانینی ئەوە فرە گرینگەو ئەشێ لێکۆڵەران، شتە نادیارەکان و شتەنە ناسراوەکان، بۆچینی دواروژ رون بکە نەوە و دیاری بکرێن.

**بەرێز دوکتور جەماڵ رەشید لێکۆڵەری ناوداری کورد** لە بابەت ئایینی کۆنەی کوردان فرە بەوردی روا نیویەتی: کە ئایینی میترا پەرەستی لەکە و ناراوە لەکوردستاندا ریشەی

Dr.Saleh Ebrahimi



داکوتاوە و شوێنەواری فێرکردنەکانی ئەو ئایینە کۆنە، لەفەرهەنگی کە ونارای نەتەوەی کورد هۆزەکانی تری رۆژهەڵاتی نافین و هێندو ئوروپایی فرەریشەدارە، دیارە شوێندانانی فەرهەنگی یۆنانیانی داگیرکەرلەسەر فەرهەنگ و شارستانی کورد و ئێرانیان نەرێ ناکرێ، قەباڵەکانی هەورامان نیشانەی ئەوەیە، فەرهەنگی هیلنیسی یۆنانی نەیتوانیوە بەری خۆنیشان دانی ئایینی کەو نارای کورد بگرێ و سەردەمی نوسینی ئەو فەبالآنە، سەردەمی بە رزبوونە وەی میترائیسم و سەرەتای مەزدا پەرستی لە نێونە تەوەی کوردابووە. لەو زەمانەدا ئایینی مەزداپەرستی لەکوردستان و بان ئێراندا پەرەدار و برەوی هەبووە. بە تایبەت **هەورامان بە ناوەندی مەزداپەرستی ناسراوە و ئاگردانی (پاوە)** لە پەرستگاکانی ناو داری کەو نارای کوردان بووە، ئەوقەبالآنەی هە ورامان فرە بە جوانی ئایینی میهرپەرستی و مەزدیستا، نیشان دەدا، وەزۆرێ لە واژەی ئەو قەبالآنە، بۆوێنە واژەی (ئەرتوت، تیرەک، رەشنو، میترا پادی، ئیسمەک، پتسپک، ئەرشتت، داد باگاباگ، داد باگا نراس و گانزاکی و...) ئەو بیرو رایانەی سەرو، بەجوانی دە سەلمێنێ.

**بیرورایەک لە بابەت زمان و خەتی قەباڵەی سێوەمی هەورامان**، دیارە زمان و خەتی سێوەمین قەباڵەکانی هەورامان جورێ لە **زمانی کەو نارای نەتەوەی کوردە و دەکرێ بە ناوی زمانی کۆنی کوردی ناو ببرێ**.

زمانی قەباڵەی سێوەم بە تاریخی سلوکی نوسراوە و لەگەڵ واژەی یونانی هەزواریشی ئارامی لێکدراوە. بە پێی تۆێژنەوەکانی دوکتور جەماڵ رەشید، پرۆفسور مینس باوەڕی وابووە کە زمانی **قەباڵەی سێوەم بە زمانی کوردی ئەمڕۆ**، نێزیکترە و ئەوان بە تایبەت ئیشارە بەمەدەکەن کە ئەلف و بێ قەباڵەی سێوەم. لە هیچ یەکێ لە ئەسنادە دوزراوەکانی مێژویی لە جیهاندا، نەبیندراوە و جوان دیارە کە ئەو ئەلف و بێ یەکوردیە، دەسکاری کراوە و بەنیشانەی تایبەت گۆڕ دراوە،تا **زمانی کوردانی ئەوەسەردە** مە؛ لەو ناوە دیاری یەدا، بنوسرێ و نەتیجەکەی ئەمەیە زمان و خەتی قەباڵەی ٣ شێوەیێ لەوتارو **نوسینی**

Dr.Saleh Ebrahimi



**کوردی کەو نارایە** کەکەو تۆتە بن شوێندانانی زمانی یونانی و هەزوارشی ئارامی. هەرچەند قەباڵەکان بە ئەلف‌و بێی یونانی کە زمان و خەتی داگیرکەر، نوسراوە، **بەڵام زمانی کوردی نیشتە جێ. لە نێو خەڵکدا باو بووە** و خەڵکی بە فەخرەوە بە زمانی دایکی خۆی قسەی کردوە و تا ئەومرۆ پاراستویەتی و ئەوە یەکە لەو قەباڵانەی هەوراماندا جوان دەبیندرێ. زیاتر لە هەزار ساڵ بەرلەمرۆ، لەکەنار زمانی داگیرکەردا لە خەت و **زمانی نە تەوەی کوردی نیشتە جێ‌کەڵک وەرگیردراوە.** (بڕوانە تەحقیقاتی بەرێز دوکتور نادر کریمیان سەردەشتی سەر چاوەی بەرو) هەروا بڕوانە قەباڵەکونەکانی هەورامان بە توێژینەوەی سۆران کوردستانی، رۆژنامەی هاوشاری ساڵی ٨ ژمارەی ٢١٨٩ گەلاوێژ: (گران)ی ١٣٧٩ هەتاوی پەرەی ٥). حەسەن رەزایی باغ بیدی لەکتێبی: (دەستوری زمانی پارتی پەهلەوی ئەشکانی چاپی ١٣٨١ هەتاوی، دوای قسەکردن لە خەتی پارتی کە لەسەر سواڵەتەکانی شاری نیساکەتا ٣ هەزار قەتعە سواڵەتن. لەو چەرمە نوسراوانەی هەورامان قسەی کردوە و ئەوەی بەناوی دوەمین بەجێماوەی بە خەتی پارتی داناوە و دەڵێ:دو تیکە لەوانە بەخەت و زمانی یونانیە و یەکێکیشیان بە خەت **و زمانی پارتی یەلە ناوە راستی یەکەمین سەدەی زایین نوسراوە** و لە پشتی یەکێ لەو چەن‌زمانەکە بە یونانیە، **واژەگەلی بە خەت و زمانی پارتی دەبیندرێ**، ئەو چەرمە نوسراوانە، قەباڵەی فرۆشی هەندێ باغی‌ترێ یە : دەستوری زمانی پارتی: لەگەڵ وێنەی چەرمە نوسراوەکەی هەورامان. نەقڵ لە نوسراوەکانی دوکتور نادرکەریمیان سەردەشتی سەرچاوەی بەرو.

زوهرە زەرشناس لە پێرستی ئاسەواری غەربی زمانی پارتی پەهلەوی (ئەشکانی پەهلەوی:گۆرانی کوردی) لە بابەت ئەو قەباڵانەی هەورامان دەنوسێ. یەکێ لەوسێ سەنەدە لە بابەت فرۆشی باغەترێ یەکە، کە بەزمان و خەتی پارتی لەسەرپێسی ئاسک نوسراوە و لە **هەورامانی کوردستان پەیدا** بووە و ٢ سەنەدیشیان بەخەت و زمانی یۆنانیە (mackenzie, 1989, p. 111) ئەم سەنەدە دارای تاریخی ئەشکانی‌یە و بەرانبە رە لەگەڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



سەدەی (٥٢ یا ٥٣ز- (زمان و ئەدە بیاتی ئێرانیانی کەونارا، زوهرە زەرشناس، پەڕەی ٣٥-٣٦ تاران، دەفتەری تویژینە وەی فەرهەنگی ١٣٨٢ هەتاوی).

ئاخرین خوێندنەوە و توێژینەوە لەقە باڵە کانی هەورامان: ئە و توێژینەوەی، دوکتور سەعید عوریان سەرۆکی توێژینگەی زمانو زاراوەی سازمانی میراتی فەرهەنگی (ئێران) ئەنجامی داوە، واژەنامەی پەهلەوی. پازەند (: فەرهەنگی پەهلەوی چاپی ١٣٧٧ هەتاوی تاران). دەقی پەهلەوی (تەرجەمە، ئاوا نوسراو) کۆکراوەی جاماسب جی دەستوری مەنوچیهرجی جاماسب (ئاسانا) (دەقی پەهلەوی چاپی ١٣٧١) و... لە دوایین نوسراوەی سەعید عوریان بەناوی ڕێنوێنی کەتیبە کانی ئێرانی نافین (پەهلەوی - پارتی) دەقی ئەسڵی سەنەدی پارتی، بە پەهلەوی خوێندۆتەوە و بە نوسینی پارتی، پیت نوسراو و ئاوانوسی و تەرجەمە بە فارسی کردوە و سەرچاوەی ئەسڵی ئەو لەم کارەدا، دەقی قەباڵەی نوسراوی هیرتسفلد Herzfeld چاپی ١٩٢٤ز - پەڕەی ٨٣) مایرهوفێر mayer Hofer چاپی ١٩٤٧ز - گیکنوس Gignoux چاپی ١٩٧٢ز، پەڕەی ٤٤-٤٣ مەکەنزی mackenzie چاپی ١٩٨٩ز - وە تاریخی ئەدە بیاتی ئێران، بەرلە ئیسلام نوسراوی دوکتور تەفەزولی قوچانی کورد، نوسراوەی پارتی بنچاقی قەباڵەکانی هەورامان

نوسراوەی پارتی بنچاقی قەباڵەکانی هەورامان



Dr.Saleh Ebrahimi



ئە مانەی خوارێ پێوەندی بە دەقی دوبارە نوسراوی هێرتسفلد ـ ەوەیە.

٢ ئاوانوسی

1- ŠNT ccc YRH> >rwtt MZBNW ptspk BRY tyryn.
2- ZY[1] MN[2] (....[3]?) KRM> >smk MH >bykškn[4] PLG y>t[5].
3- W ZBNW >wyl BRY bšnyn ([6]....?) >HY KL> ZWZN LV.
4- MH MN bwmhwty ([7].....?) hmy >KLW QDMTH.
5- ŠHDYN tyrk BRY >pyn...g BRY ršnw >rštt.
6- BRY >bny[8] grypnhy BRY mtrpry synk BRY m>tbwg.
7- ...... KRM> >smkn KRM> ZBNt >wyl MN.
8- ptspk kL> ZWZN LV.

1- ZZ
2- MNY
3- YRY
4- >byrškn
5- ZAT
6- DD
7- AT.XRV
8- >bnw

1- sarδ 300, māh (h)arwatāt frawaxšēd pātasbag puhr tīrēn.
2- čē až (....?) raz asmag čē abikaškan nēm yād.
3- ud xrīnēd awīl puhr bašnīn (...?) brād, har drahm 55.
4- čē až būm-xwad sōgand ham xwarēd parwān.
5- wigāhān tīrag puhr āpīn ..... puhr rašn arštād.
6- puhr abān gar-panāh puhr mihr-frī sēnag puhr mātbōg.
7- ...... raz asmagān raz xrīd awīl až
8- pātasbag har drahm 55.

٣ ـ تەرجەمە بە کوردی:

١ ـ (لە) ساڵی ٣٠٠، مانگی جۆزەردان (: زەردان)، دەفرۆشێ پاتسپەک پورتیرین.

٢ ـ نیوە بەشێ (: نیوەیەک) لەباغی ترێ ئەسمەگی ئەبیکشکەن.

٣ ـ وە دەکرێ ئویل پور بەشنین برا...، لەکۆمی ٥٥ درەم.

٤ ـ لەخاوەنزەوی (وە) هەروا سوێند دەخوا لە بەرانبەر.

٥ ـ شایەدەکان تیرەگ پور ئابین... پور رەشەن (رەوشەن)، ئەرشتاد.

٦ ـ پورئەیان ـ گرپناپور میهرفری (فەڕی)، سینگ پور ماتبوگ.

Dr.Saleh Ebrahimi



۷ ـ باغی ترێ...، باغەتریێ ئەسمەگ ئویل کریویەتی ـ لە.

۸ ـ پاتسپەگ، لە کۆمی (بەتێگرا) **۵۵** درەم. بڕواننە: مێژوی هەورامان بەزمانی کوردی. د. محەمەد ئەمین هەورامانی چاپی ۱۳۸۰ تاران و ڕێنوێنی کتێبەکانی ئێرانی نافینی پەهلەوی ـ پارتی، توێژنەوەی سەعید عویان پەرەی ۲۷ـ۲۲ بە نەقڵ بەکوردی وبەکورتی لە کتێبی فارسی تاریخی هەورامان، لەسەر بنەرەتی تاریخی هەورامان نوسراوی مەلا عەبدوڵلا هەورامی (: شەیدا) گردوکۆی موزەفەرسوڵتانی هەورامی. بە سەروتارو هەڵەگیری بەرێز دوکتور نادر کەریمیان سەردەشتی، چاپی **۱۳۸٦** هەتاوی، نەشری ئیحسان، تاران. (شەپول) ود ـ خانلەری لەمێژوی زمانی فارسیدا، ئەو قەباڵەی هەورامان کە تاریخەکەی **۱۲ ـ ۱۱** بەرلە زاینییە، بە زمانی پەهلەوانیک: پارتی داناوە، پەرەی **۲۵ـ۲۵۲**.

□ ئەو قەباڵە کۆنانەی هەورامان بە تایبەت قەباڵەی سێوەم بەرونا کی دەیسەلمێنێ کەبەرلە ئیسلام لە سەدەی ۸۸/۷۸ بەرلە زایین لەکوردستاندا خەت و ئەلف و بێی تایبەت بە **زمانی کوردی هە بووە و هەروا چامەی هورموزکان،** کە هێرشی عەرەب بۆسەر کوردستان و کوشت و برین، تالان. بەدیل گرتنی ژن، پیاو، زاروک و مێرمنالان و ستەمی نامرۆیانەی، هێرشکاران، دەگێڕێتەوە و شاعیر دوعاونزا دەباتە بەرخواودەگری و هاوار دەکا ئەو عەرەبە هێرشکارانە بۆچ وامان لێ دەکەنو ئاهۆر موزدایش بەزەییمان پێ ناکا، صەدام چ بەڵایەکی بەسەر کورد هێنا، ئەو دەمیش خراپتر بووە.

□ پروفسور ـ ئار ـ جی. کەنت: دەڵێ: (ئەو قەباڵەی بە خەتی ئارامییەو بەرلە **(۱۲ ـ ۱۱)** ر ـ نوسراوە، **شێوە زمانەکەی (پارتی: خالیدی)یە،** ئەگەر شێوە زمانی مێدیەکان نەبێ، بێشک نێزیکترین **شێوە زمانە بەزمانی مێدیی.** (محەمەد ئەمین هەورامانی هەرئەوێ).

□ **بەرێز د ـ جەمال رەشید** لەکاروانی ژمارەی **۱** ساڵی **۱۹۳۱**ز ـ بە زمانی عەرەبی

Dr.Saleh Ebrahimi



پـەڕەی ١٥٤-١٥٢ و بـەزمانی کـوردی لە ڕۆشـنبیری نوێ ژمـارەی ١٠٦ سـاڵی ١٩٨٥ز- وەلە بەرهەمی (دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو)، پەڕەی ٦٥-٦٢ بەزمانی عەرەبی و لەبەر هەمی (لێکۆڵینە وە یەکی زمانە وانی لە بابەت مێـژوی وڵاتـی کـوردە واریدا، بە زمانی کوردی لەبارەی قەباڵە کانی هەو راماندا، بە تایبەت ئەوە یان کە بەرلە ساڵانی (١٢-١١ز-) نوسراوە و ئەوەی کاولی چوارجار بڵاو کردوتەوە.

**چامەی هورموزکان:**

هورموزگان رمان ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورەی گەورە گان (گاورە کان)
زورکار (:کەرە) ئەرەب کردنە (کردنا) خاپور
گونداوئی پاڵەیی (پاڵە)، هەتا (بەشی) شارە زور
شەن ژنیێ (ژەن)و کەنیە کان (کەنیلکا)، وەدیل بشینا
پیائازاتلیا وە روی هوینا (ژروی خوینا)
رەوشت (رەوشی) زەردەشت مەنوێوە (مانەوە - ماننەوە بێ دەس) بێکەس
بەزەیە کئ نکا هورموز، وەهیچ کەس.

ئەمین زەکی فەرمویەتی ئەم هۆنە لە پەراوێزی ١٨ لەسەر لاپەرەی ١١ لە کـتێبی خەباتی کوردی سوننی نوسراوی واسیلی نیکتین چاپ کراوە (نەقڵ لەفەرمودەی مامۆستا جەمیل روژ بەیانی (بروانە کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دوەم ٢٢ ژانویەی ٢٠٠١ز- تاران چاپی ئەندیشە. بە قەڵەمی: (شەپۆل) مستـەوفی قـەزوێـنی لە تـاریخی گوزیدەی خویدا دەنوسی: لە سەردەمی عومەری بنی خەتتاب خەلیـفەی دوەم سـپای ئیسلام و عەرەب دەوری شاری قەزوێنیان دابو و سپاکە، ماندبو ونەیان توانی قەزوێن بگرنێ، خەڵکی قەزوێن لەسەر دیواری شارو قەڵاوە، بەرگیریان لەشـاردە کـرد، سـپای ئیسلام هەرایان دە کرد وەرن موسوڵمان بن و جزیە بدەن، ئێتروازتان لێ دێنین، ئەوانیش

Dr.Saleh Ebrahimi



لەسەر دیواری شارەوە پڕبە دەنگ دیان وت: «**نە موسلمان بیم ونەگزیەت دیم، شین، مە ککەشین، کەی مە برەهیم**» قەزوێنی ئەو سرودو قسەیە، بە زمانی پەهلەوی داناوە کەچی زمانی هۆزی گۆرانی کوردی یە (بڕوانە مێژوی گوزیدە موستە فی قەزوێنی و کتێبی نەزانی مزگانی کوردی نوسراوی د- سەعیدخان کوردستانی چاپی ١٣٠٩ هەتاوی تاران - گۆفاری میهر ژمارەی ٥ چاپی ١٣١٦ بە قەڵەمی مەلیک شوعەرا بەهار. یائەوە (عبدالحلیم منتصر) کەلە بن نیۆی ابن وحشیة فی الفلاحة) و (هو اقدم الکتب فی العربیة دەنوسێ: (وانه نقل اکثرکتبه من اللغة النبطیه، و لم ینشرمن تألیفه من اللغةالعربیة سوی شەوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام و قەذکر فی آخر کتابه هذا انه ترجم من اللغة الکردیة کتاباً فی علل المیاه و کیفیة استخراجها و استنباطها من الارض المجهولةالاصل) بڕوانە قاموس کوردی بەنوسین ولێکۆلینەوەی ئەو رەحمان زەبیحی (بێژەن) چاپی کوڕی زانیاری کورد، بەغا سالی ١٩٧٧ز- پەرەی ٣٨. هەروا ئەوەکە خانای قوبادی بەراشکاوی دەڵێ ئەم شێوە زمانە شیعرەی من، لەسەر تا سەری کوردستاندا لەحوجرەی مزگەوت ولای مەلایانی مودەریس خوێندراوە یانی بەرلەدا هاتنی دارولفنون لەدنیا، لە ئوروپا خەلک لە کلیسا خوێندویانە و لەکوردستانیشدا لە حوجرە و مزگەوت دەرس خوێندراوە و مەلا کان عەربی یە کەیان بەزمانی کوردی بۆ فەقێ کان شەرحداوە و شیعری شاعیرانی کوردیشیان فێر کردون و بۆشاگردەکانیان رافەیان کردوە، جائەوەیەکە خانای قوبادی فەرمویەتی:

هەر چەندمە واچان فارسی شەکەرەن کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن
بەلە فزی کوردی کوردستان تەمام پێش بوان مەحفوز باقی وەسەلام.

بڕوانە پەرەی ١٤ و ١٥ شیرین و خوسرەو، چاپی ١٩٧٥ز- کۆڕی زانیاری کورد، بەغا. ئەوانە هەمویان بەجوانی نیشانی دەدەن و دەیسەلمێنن کە زمانی کوردی بەر لە ئیسلام هەبووە. بڕوانە کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی بە قەڵەمی(شە پۆل). چاپی

Dr.Saleh Ebrahimi



دوەم ۱۳۷۹/۱۱/۳ هەتاوی و ۲۲ ژانـویەی ۲۰۰۱ز- تـاران چـاپی ئـەندێشـە. لە هەوراماندا لە زەمانی ئەشکانیدا ئەداد بووەکەیەکێ لەژنە ناودارەکانی هەورامان بووە، هەروەکو (سترابون) باسی کردوە و مێژویش دەڵێ (دوای گرتنی نەپێەوا بە دەسی (هووە **خشەتەرە)ی ماد-ی لە ٦١٢** بەرلە زایین ئافرەتێکی میدی بووە تە ئوستانداری نەپینەوا. - لە سەردەمی هارونە رەرشید و مەئمونی عەباسی (ساڵانی ۸۱۳ز تا ۸۳۳ز-)کە هیمان خەڵکی هەورامان موسوڵمان نەببون، لەو سەردە مەدا خانمێ بەناوی ئەداد، کە پـاشا و حاکمی هەورامان بو و لە ۲۳۰ مانگی سەککەی بەناوی خوّی لێداوە و وێنەی وا بەسەر ئەوسەککە وەیە - بڕوانە مێژوی هەورامان، محەمەد ئەمین هەورامانی چاپی ۱۳۸۰ هە تاوی بەزمانی کوردی، پەڕەی ۹۴۴ و ۹۴۵ تاران و گوّڤاری هەورامان دەروازەی مێژو، تایبەت بە کونگرەی هەورامان ناسی چـاپی بـەهاری ۱۳۷۹ هـەتاوی بـەزمانی **کوردی ئورگانی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هـونەری کـورد**، ژن لە هـەورامـاندا بەقەڵەمی (شە پولّ) سەروکی ئەنجومەن. کاولی، ئاموژگاری بەوە دەکاکەجوّری نوسینی ئەم قەباڵە، لەگەڵ ئەوەی مانی (کتێبە دینی یەکەی مانیکە بەناوی شاپورگان - ەوە بوو، پێشکەشی شاپوری یەکەمی دەکا) بەراورد بکرێ یا لەگەڵ ئەوەی مـانیلە (تـورفان) دوّزراوەتەوە، بەراورد بکرێ، بوّ ئەوە زاهیری ناوەروّ کی زماننـاسی و زمانەوانی، ناو، ئەو قەباڵە دەرکەوێ و بەرێز دوکتور حەمەدە مین هەورامانی، دەقی ئینگلیسی یەکەی پروّفسور کاولی لەکـتێبی مێژوی هـەورامـان بـەزمانی کـوردی، لەپـەرەی ۸۹ بلاّو کردوتەوەو رای گەیاندوە، ئەگەر ئەوتێکستە دینییەی مانی دەسکەو تایێ، شتێکم لێ هەڵدە کراندو لەگەڵ وەرگێران و لێکـدانـەوەکـەی بـەرێـز دوکـتور جـەمال رەشید سودوکەڵکی زیاتر دەبوو، ئەمەیش وێنەی ئینگلیسی یەکەی کاولی کە، لەگوّڤاری ئاسیای شاهانەدا لە ساڵی (۱۹۱۹ز- ۱۴۵-۱۵۴) بلاوی کردوّتەوە. (پەرەی ۸۹ تا ۹۳ مێژوی هەورامان بەزمانی کوردی **نوسراوی بەرێز. د. محەمەد ئەمین هەورامانی** چاپی ۱۳۸۰ بلاّوکی بەلخ، تاران. باشە بزانین: قەباڵەکانی هەورامان بەلێکوّلینەوە و لێکدانەوەی بەرێز **دوکتور جەمال رەشید ئەحمەد**، فیروز حەسەن عەزیز هەڵە بجەیی لەزمانی کوردی یەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



هێناویە تەسەر زمانی فارسی و بەڕێز دوکتور نادر کریمیان سەردەشتی، ڕاستە و پاستەی کردوە و لەسەری کۆلیوە تەوە (پەڕەی ١٠٢٥ تاریخی هەورامان هەرئەوێ).

هەزوارش بەواتای ڕافە، واتاکردن و تەفسیر کردنە.

بەڕێز دوکتور حەمەدەمین هەورامانی دەنوسێ: منیش، ئالێرەدا، ناوەڕۆکی هەمان قەباڵە، کەبەزمانی ئینگلیزیی لەلایەن کاولی ـ یەوە، بلاّوکرابوویەوە، دەکەم بە زمانی کوردیی و بەپێی توانای زانیاریی خوم دەمەتەقێی هەندێ شتی ناڕوّشنی دەکەم ـ (لەوانەیە، ئەگەر، ئەو دوو تێکستە دینی‌یەی مانی ـ مان دەست بکەوتایێ، دەمەتەقێیەکە، یاخود پلار ـ (تعلیق)ەکان، بە سوودتر دەبوون) ـ بەو مەبەستەی لەگەڵ ئەو وەرگێران ولێکدانەوەی د. جەمال ڕەشید ـ داو شان بە شانی یەکتریی سوودی خویان ببەخشن. ـ ئێمەیش لێرەدا تەواوی نوسراوەکەی بەڕێز دوکتور محەمەد ئەمین هەورامانی عەینن، نەقڵ دەکەین، تا ناوەڕۆکی قەباڵەکانی هەورامان باشتر، دەرکەون. (شەپۆل)

ئەم وێنەیەی بەردەستت، هی ئەوەیە، کەکاولی لەگۆڤاری ئاسیایی شاهانەدا، ساڵی ١٩١٩ (ل ـ ١٤٥ـ١٥٤) بلاوی کردووتەوە، واتە.

Journal Of the Royal Asiatic Society, 1919, P. 145. 154, VI.

The Pahlavi Document from Avroman, by A. Cowley.

The Pahlavi Document From Avroman. 148.

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوەروکی قەبالەکە بە زمانی ئینگلیزیی - لاپەرەی یەکەمی.

JOURNAL OF THE ROUAL ASIATIC SOCIETY 1919

THE PAHLAVI DOCUMANT FROM AVROMAN BY A. COWLEY - 71

IN the Journal of Hellenic Studies for 1915, P.22, Mr.Minns published twoGreek documents of the Parthinan period acquired by Dr.Saied Khan from Avroman in Kurdistan, together with the facsimile of a third, not in Greek, whielr was found, at the same place. As the writhing of this thired document (on parchment) seemed to be Aramaic in character, he very kindly sent me a photograph of it at the time, and has since given me additional information. The following note represents mainly what I then made out of the test, but it has lain in a drawer ever since because the results seemed hardly worth publishing. It is only in the hope of attracting the attention of more competont Iranian scholars to it that I noe print these few remarks on the principle that.

The text is in Pahlavi, written in an Aramaic alphabet, with a number of Semitic words in it. The writing is so cursive that, it is difficult to distinguish letters which tresemble one another as    Moreover, the parchment is broken or defaced in some places. so

ناوەروکی قەباڵەکە، بەزمانی ئینگلیزیی - لاپەڕەی کۆتایی.

THE PAHLAVI DOCUMENT FROM AVROMAN.

On the back of Greek i there are some lines of Pahlavi writing, but, after many attempts I have failed to read any complete word with certainty. The existence ofg this endorsoment, hoewver, shows that there is some comexion between the Pahlavi and the Greek.

Dr.Saleh Ebrahimi



The accompanying plates give (1) a facsimile of the document from a block kindly. Lent by the Hellenic Society; (2) for purposes of comparison, a reproduction of the Hajiabad inscriptions from cats in the National Museum, Dublin.I am very much indebted to Dr.Smyly, Librarian of the Museum, and Mr.J.J.Buckley, the Keeper, for their readiness to send me a photograph. A photograph was published in the JRAS. for 1868, p.241, but it was not very good and is by now rather faded, so that it seemed worth while to reproduce this much better photograph from a different set of casts. The best hand-copy is still that in Westergaard's Bundehesh (1851).

-دەقی وەرگێڕانەکە (بەڵام بەکوردیی) -کاولی نووسیوەیەتی و دەڵێ:

لەگۆڤاری لێکۆڵینەوەی هیلینیدا، -سالی (۱۹۱۵-ل - ۲۲)، لە لایەن بەریز (مینس)ەوە، دوو پیسە بە زمانی گریکی نووسراوی، سەردەمی پەرثی‌یەکان، کەلە هەورامانی کوردستان، دەست دوکتور سەعیدخان کەوتبوون، لێکی دابوو نەوەو لەگەڵ وینەی پیستەی سێیەمدا، کە بەنووسینی گریکی نەنووسراوە، لە هەمان جێگادا، لەگەڵ ئەو دووانەکەی دیکەدا، دۆزراوەتەوە، بڵاوی کردبوونەوە.

مینس، هەرکە دیبووی، نووسینی پارچەپێستی سییەم بە ئەلف و بێی ئارامیی نووسراوە، دەست بەجێ، بە دڵخۆشی‌یەوە، وێنەی دەگرێتەوەو لەگەڵ ئەو زانیاریانەی، کەلەو، بارەیەوە، هە یەتی، بۆ منیان، دەنێرێ!

ئەم تێبینانەی خوارەوەم، بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەوە دەردەخەن، کەلەو نووسراوەدا، چیم توانیوە، هەڵم کراندووە، ئەگەرچی، ئەنجامی لە چاپ دانی، ئەو هەڵکراندانە، زۆر بەهادار نی‌یە، بەڵام، بە نیازی ئەوەوە، کە لەوانە یە بتوانێ، سەرنجی پشکێنەرو توێژەرەوە ئێرانی‌یەکان، بەرەو رووی خۆی رابکێشێ و بۆیە، بەو نیازەوە، وا ئەم ئیشە، دەخەمە رووو ئەم رەمزانەش، لێرەدا، پیشان دەدەم.

Dr.Saleh Ebrahimi



-«ئەم وێنەیەی ئێرە، وینە گرتنەوەی ئەو رووبەر گرتنەوەیە، کەلە لایەن کاولی یەوە، بەو پیتە ئارامیانە، ساغ کراوەتەوە».

Jurnal Of Royal Asiatikc Society 1919, VI. P.148.

بو پەیڕەوی کردن، وائەم چەند رەمزانە، دەخەمە بەرچاو.

דמלה לנכזד ולא אה בן הורים למל
לא עליך



148 THE PAHLAVI DOCUMENT FROM AVROMAN

ناوەڕوکی نووسینە کە، بەزمانی پالەوی یەو بە ئەلف وبیێ ئارامیی نووسراوە، هەندێ وشەی سامیی، لە ناوی دا، بەدیی دە کرێن.

Dr.Saleh Ebrahimi



نووسینی پارچە پێستەکە، نارێکی زۆری تێدایە، بەجۆرێ، کە جوێ کردنەوەی هەندێ پیت لەیەکتریی، لەبەر ئەوەی، کە هەریەکە لەوی‌تر دەکات، زۆر زەحمەتەو ئەوانەیش، وەک...

لەوە بەولاوە، پێستەکە، هەندێ جێگادا، یان، دراوە، یان، شکاوە، یان، سڕاوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش‌دا، ئەوەی، کە خوێنراوەتەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- دێڕی یەکەم: بە مێژووی دەمی نووسین، دەست پێدەکات، لەپاش‌ساڵ، سێ چیلکەی خوار هەن، بێگومان هەر یەکەلەوانە، یەکە (وحدة)یەکە هەروەک‌لە نووسینی ئارامیی سەرکاغەزدا وەها، هاتووە، بەڵام ئەمانەی ئێرە، زۆرتر خواروێبوون!!

پیتی دواتر، هەروەک ڕێک وپێکی  ئارامی‌یە، نەک ئەم  یەی ناو پێستەکە - (ئەگەر، ڕێک دەکەوێ، تەماشای، ١-۴بکە)، لەبەر ئەوە، وەها دەردەکەوێ، کەئەمە، پێکهاتوو (فۆرم) یەکی، بنەڕەتی‌یە، وەک نیشانەی هیچ، بۆژمارەی (سەد)، پارێزگاری کراوە.

ئەوە ڕاستە، کە پیت لە بریی ژمارە، لەسەرکاغەو بەکار، هاتووە، بەڵام سەردەمی باوی بەکار هێنانی، بۆ پێش نوسینی، ئەم تێسکتەی هەورامان، دەگەڕێتەوە.

زۆر، بە نارەحەت دەگونجێ، کە پیتی وەک  لە بریی (سەد)ی پارسی‌بێ. ناوە مانگەکە (ئاروتات)ە، کە (هەورقەتات)ە، لە زەندا.

وشەکەی‌تر زۆر سەیرە، وەک (کار = فرمان)دیتە بەرچاوم ئەگەر ئارامیی بێ! بەڵام ڕوواڵەتە پێکهاتووەکەی، وەک (۳١) وەهایە. لەگەڵ ئەوەش‌دا، وەک (ناو)، کەلە هەردوو جێگادا دێ، لەوە دەکا، کە (ناوونیشان)بێ.

ئەو ڕەمزەی ناوەڕاست، وا دەردەکەوێ، کەلەم دووانە، پیک هاتبێ؛ ئەمە  یان  بەڵام، من وای بۆدەچم، کەئەمە، دەبێ  (مەیبان) = (مەی فرۆش) - بێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



له‌كۆتایی‌دا، دوو وشه‌هه‌ن، كه به‌هوی  پێكه‌وه به ستراون، به شێوه‌یه‌كی ئاشكرا، ئه‌مه  ئارامی‌یه‌و، به‌رامبه‌ری ئیزافه‌ی پارسی (كوردی)یه، هه‌روه‌ك له نووسینه‌كانی، حاجی‌ئاباد ـ (B3)دا وه‌ها، هه‌یه!!

لێره‌دا، وشه‌كان، له‌هه‌ر، لایه‌كدا بێن، ده‌بێ ناو، بن، هاوشانی ته‌واوی ئه‌مانه له‌وه‌ی (Justi's Iranisches Namenbuch)دا، نین!!

دێری دووه‌م. ـ سه‌ره‌تایی یه‌كه‌ی، سڕاوه‌ته‌وه. دوو چیلكه‌ی خواروبوو هه‌ن. ئه‌وجا، وشه‌یه‌ك دێت، كه ناخوێنرێته‌وه، له‌پاشا، نیشانه‌یه‌كی، سه‌یر، به‌دواوه‌ی دا، دێ

من، له‌سه‌ره‌تادا، وای بۆ چووم، كه ئه‌مه وشه‌یه‌كی پارسی بێ‌و له بریی ژماره‌ی (**یه‌ك**)بێ‌و كۆموڵه‌كه هه‌مووی (٢٢١) بگرێته‌وه، به‌ڵام ئه‌مه: له بۆچوونی نزیك ناكات‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش‌دا، پێشنیازی شتی دیكه‌ی لێ‌ناكه‌م.

وشه‌كه‌ی دیكه‌ی دوایی  و شه‌یه‌كی ئارامی‌یه، بۆ (باخی‌ڕه‌ز)ه، ئه‌گه‌ر وشه‌كه‌ی پێشه‌وه، ژماره‌بێ، ئه‌وه‌وه‌خته ئه‌مه  به (درم) ده‌خوێنینه‌وه، ئه‌م شێوه‌یه‌ش، بۆ ئه‌و ده‌مه ڕێی تێ ده‌چێ!!

 ئه‌مه، زۆر نزیكه، كه ناوی (ڕه‌ز)ه‌كه، بێ!!

 ئه‌مه‌ش، پێگومان، هه‌ر به‌م جۆره ده‌خوێنرێته‌وه، پیتی دووه‌می، بۆ ڕه‌مزێكه، كه‌له‌وشه‌ی (man=پیاو)دا، به‌كار دێت، هه‌روه‌ك له پاله‌وی داوه‌هایه. ئه‌مه‌ش، به‌زۆری له شێوه‌دا، وه‌كو  وه‌هایه (به تایبه‌تی، ئه‌گه‌ر له‌كۆتایی‌یه‌وه بوو)، كه‌له‌سه‌ر پێسته‌و قاقه‌زی كۆنه‌وه، نووسرابێ. ئه‌مه هه‌مان پیتی (دووبار)ه نی‌یه، كه‌له  (1.1)دا، هه‌یه!

ئه‌م‌وشه‌یه  ش، وه‌ها ده‌رده‌كه‌وێ، كه وشه‌یه‌كی پارسیی ڕه‌سه‌نه‌و هه‌روه‌ك، له‌گه‌ڵ (داشتن)دا، لێك درابێ، وه‌هایه، به‌ڵام، واتای؟  (نیو)ی ئارامی‌یه. یه‌كێ، چاوه‌ڕێی ئه‌مه  ده‌كات.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمە تەنها ڕێگایەکە، بۆ خوێندنەوەی وشەکە، ئامرازی پەیوەست؟

دێڕی سێیەم. - ڕەزەبـان ـ ە. شێـوەی پێکـهاتن (فۆرم)ەکـەی، هەروەک ئەوەی. (1.1)ە.

ئەو ناوانەی، کە دینە بەرەوە، لەجەستی (justi)دا، بەرچاو ناکەون. = داد.

هەمان نیشانەیە، کەبۆ بەکاردێ، جێگای یش دەگرێتەوە.

لەپێشەوە، وای بۆچووم، کە دەبێ، بە واتای (دادی) هاتبێ بەڵام؛ «تۆدات» بۆ سەنەدێکی وەها، ڕێی، تێ ناچێ.

ئەمەنزیکە، کە (ئەیێ = ae) پەهلەوی بێ، واتا، (ئەم)، ئەو وەختە بە واتای (ئەوە)دێ. ئارامی‌یە، بەواتای (هەموو) هاتووە.

وشەی دواتر، زۆر سەیرە. من، وای بۆ دەچم، کە بێ، لەکـــاتێکدا، کەوشەی ئارامیی « »، هەندێ جار، بەرامبەری (درەخمە)یە، ئەو دراوەی، کەلەو ناوچەیەدا، لەکاروباری گریکی‌یەکاندا، بەکار هاتووە. (لەڕاستی‌دا زاراوێکی لێڵ و ناڕۆشنە، بۆ پارچە دراوێکی بچووکی وەها؛ زازو ـ ی ئاشووریی دەکـرێ، بـە دوو بەشەوە). بەڵام، (کۆ)ی بە ـ دەنووسرێ‌لە (1.5)دا. ئـــەبێ (زەڕین) پارسیی بێ (پارچەزێڕ) +، بەڵام پەرثی‌یەکان لەو دەمەدا، بە خاوەنی، پارەی زێڕ نە ناسرابوون!!

ئەم نیشانانەی، کە دینە بەرەوە ژمـارەن: (۱۰+۲۰+۲۰+۵). پێکـهاتوو (فـورم)ی بیست، لەوەی ناو پێستەکەوە، ڕوون بووەتەوە.

**دێڕی چووارەم.**

هەروەک، لە (1.2)دا، هەیە.

ئارامی‌یە، بە واتای (لە)، یاخود، (بە) هاتووە.

ئەمە، لێکدراوێکی پارسیی‌یە، بۆ خـاوەنزەوی، هـەرچـەندە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمە لەفەرهەنگ‌دا، دەست ناکەوێ!

وشەی دواتر، شکاوەو پێم ناخوێنرێتەوە، یەکێ، چاوەڕوانی، ناوێ دەکاتو ئەویش، خاوەن زەوی‌یەکەیە،کە (ئاریل = ARIL) (؟). بەلام‌ئەمە، ناتوانێ، ئەو، بێت!

 دەبێ شێوەیەکی، کۆنی وشەی (مەی) پارسی کۆن‌بێ، واتە؛ ئاوەڵکاری پەیوەست، یاخود (هەمەی = hamae) پالە وی = (گشت = هەموو).

 دەبێ (کار)بێ، شتێ وەک (وەریگرت)، بەلام پێکهاتوو (فۆرم)ەکە، نابێ.

پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، وشەکەم، خوێندەوە، ئەویش، بەهۆێ بەراورد کردنیەوە لەگەڵ هەمان وشە لەوەی، حاجی ئاباد ـ (B5)دا، بە واتای (پێش)، یان (لەبەرچاوی = لەبەردەم)، ـ (ئارامی‌یە) ـ هاتووە.

 ئەمە، نزیکە، کە هەمان پێکهاتووی پیتی  ی سەرەوەی هەبێ.

دێڕی پێنچەم.

 ئارامی‌یەو بە واتای (شایەت) هاتووە. پێکهاتووی لەگەڵ  دا، هێشتا بەکار دەهێنرێت، هەر وەک هی ناو کاغەزەکۆن (پێستەکون)، نەک ئەمەی  ناو نارامیی دوایین. بێگومان، وەک زاراوێکی دەستووریی چەسپاوە.

ناوەکانیان، پێویستە، بێنە بەرەوەو بە ڕاستی ئێمە زنجیرە جووتەمان، هەن،کە بە هۆی  پێکەوە، بەستراون.

 بۆ ئەمە، جەستی (تیریک = Tirik)مان، دەداتێ، بۆ ئەمەش  (تورەک = Turak) دروستە.

 لەوەی جەستی‌دا نی‌یە!! ـ ناوەکەی دوای ئەمە،کوژراوەتەوە.

 جەستی (ڕەشنو = Rasnu)مان دەداتێ،کە ناویکەلەگینسی ریشەی (ڕەشنو = Rasnu)وە، وەرگیراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ארשתת بۆ ئەمە، جەستی (ئەرشتاد = Arstad)مان دەداتێ، کە هەر هەمان دەستوور، لەریشەی گینسی ناوەکەوە، وەرگیراوە!

**دێڕی شەشەم.**

ברר لە توانادا هەیە، کە بە تەواوی دروست بکرێتەوە.

אנבר نی یە، لەجەستی ـ دا.

סתרת רתר ئەمە، بەباشی، دەخوێنرێتەوە، بەڵام، من ناوی وەهام نەبیستووەو لێی نازانم!!

ג ר ר ס נ ר ר نی یە لەجەستیدا، بەڵام پێکهاتوو (فۆرم)یەکی وەها پارسیی چاکە (میثرا = Mithra) = (بەرگری‌کەر)ە. (بەراوردی بکە لەگەڵ):

«MitpaButrys, Hdt, iii, 12»دا.

برگەی (ث = ز = th) لەبەرچاوە، لە هەندێ بروانامە (وثیقە)ی گریکیدا وشەی (Mipadatos) هەیەو وەها دەردەکەوێ کە گۆڕانکاری‌یەکە هێشتا جێگیر نەبوە.

סרגר (Sinake)ە، لە جەستیدا.

סאתגב خوێندنەوەی جێگەی گومانە!!

دێڕی حەوتەمو هەشتەم، وەها دەردەکەوێ، کە کێشەکە جێگیر بووبێ. دێڕی حەوتەم. لە بێ‌شانسیدا، سەرەتاکەی کەوتووە.

תסת רתר هەروەک، لە (1.2)دا ברסא بە دوایدا دێ، (لێی دڵنیانین): بەراوردی بکە، لەگەڵ אסרס ـ ی (1.2)دا، زۆر زەحمەتە، بهێنرێتە، پێش چاو، کە چۆن دووەم ברבא دروست بووە!!

خوێندنەوەی وشەکەی دیکە، جێگەی گومانە!! لەوانەیە، کە پیتی یەکەمی ר بێ و هی دووەمی ב یاخود زۆرتر لەوانەیە (ר) ר بێ. یەکێ بیری بۆ ר ב ר ی ئارامیی دەڕوا، یاخود، بۆ (زەدە = زدن) پارسی: یەکێ، لە واتایەکانی،

Dr.Saleh Ebrahimi



کە هەیەتی: بو (ڤید = Vid)ی (زەند = Zend)ە. بەڵام بو پتر لەمە پێشنیازکردن، توانـام نی یە!!

 هەروەک، ئەوەی ناو (1.3) یە.

 پێکهاتوویەکی ئارامی یە.

دێڕی هەشتەم.

 هەروەک، لە (1.1) دایە.

ئەوە، کەماوە، لە (1.3) دووپات کراوەتەوە.

واتایەکەی بەشێوەیەکی گشتیی.

وەها دەدرەکەوێ، کە واتایەکەی بەم جۆرە بگرێتەوە:

(1) ـ ساڵی (300)، مانگی (ئاروٚت = Arotat) مەی فروٚش (پتسپک = Ptspk) کوڕی (تورین = Turin)،

(2) ـ بەهای (؟) رەزی (ئەسمک = Asmk)، کە خریدی (؟) بوٚ خاوەنیەتی نیوەی (؟) بوٚ...

(3) ـ مەیەوان (ئاریل = Aril) کوڕی (بشنین = Bsnin) دای؛ ئەویش، هەمووی دەکاتە (٥٥) (زوزن = Zuzin).

(4) ـ کە لەلایەن (X...)ی خاوەن زەوی‌وزارەوە، لەوەوپێش‌تر ئاگاداری (؟) کراوە.

(5) ـ شایەتەکان (تیریک = Tirik) کوڕی (ئەپن = Apin)، (Y...) کوڕی (رەشنو = Rasun)، (ئارشتاد = Aristad).

(6) ـ کـوڕی (ئـەبنو = Abnu)، (گـریپهنی = Gripnhi) کـوڕی (مـیثراپـادی = Mithrakadi)، (سینەک = Sinak) کوڕی (مەتنبگ = Matbng).

(7) ـ بەهای (؟) رەزی (ئەسمتن = Asmtn)، خاوەنیەتی رەز (؟) بوٚ (ئاریل = Aril)، لە

(8) ـ پتسپک ـ ەوە: هەمووی (٥٥) زوزن، دەکات.

Dr.Saleh Ebrahimi



خەستەی‌واتەکەی: خاوەنیەتی رەزەکە، دەگەرێتەوەبۆ (X...) خاوەن زەوی‌وزار،کە نیوەی بەکرێ (ئیجار) بە (ئاریل)ی دابوو، ئەم نیوەیە، ئێستا،کرڕاڵە لایەن (یاخودسەنەد ئیجارەکەی مۆرکرابو) پتسپک ـ ەوە بە (٥٥) زوزن (درهەم) خاوەنی زەوی وزار لەبەردەم شایەتەکان‌دا، دانی بەوەدا ناوە، کە بەو مامەڵەیەو پارەیە رازی‌یەو پارەکەش درا.

هەندێ، خاڵ، هێشتا ناروشنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا، پێویست بەوە، ناکات،کەیەکێ خەجاڵەت بیگرێ، لەکاتێک‌دا، ئەگەر یەکێک بخاتە بەرچاوی، کە چەندکەم، لەهەڵکەندراوەکانی حاجی ئاباد، تێ دەگات، تەنانەت، پاش ئەو هەوڵ‌و تەقالایەش،کە (هەوگ = Haug) و (وێست = West) داویانە!!

وا دەخرێتە بەرچاو، کە مێژووی سلوکی بەکارهاتووە، هەر وەک‌لە بروانامە (وثیقە) گریکیەکان (هەروەها مینس ـ یش)دا، بە دیی، دەکرێ. مێژووی (3000)ی سلووکی، بەرامبەری (12)، یان (11)ی، پێش زایین، دەوەستێ. ئەم تێسکتە، کەوابوو، لە نیوەی رێگەی؛ نێوان نوسینی مێخی دوواکەوتووی پارسیی و سەرەتای سەرهەڵدانی، شێوەی، نووسینی ساسانی‌دا، وەستاوە! بێگومان، ئەمەش وێنەیەکی تاکە، کە بۆ زمانێک‌و بو درێژایی ماوەی شەش سەدەیک، بە دەستەوە، هەمان بێ!

پاشتر وەهایە، کە جۆری نووسینەکە، لەگەڵ شێوەو رووالەتی پیتی هەڵکەندراوەکانی (B)ی سابووری یەکەم‌و (حاجی ـ ئاباد)دا بەراورد بکرێ‌و رێگا بدرێ بەکەرەستەی هەمەجۆر، کە پلەی دێرینی گەشەسەندنی لەئەلف وبێی ئارامیی ـ یەوە پیشان دەدات، هەروەک چون ئەمە، لەناو کاغەزەکۆن و پیستەکۆنەکان‌دا، بەرچاو، دەکەوێ.

وێنەی زۆر زوینی دیکەی پالەوی، ئەوانەن، کەلەکۆمەڵەی (Rainer - Collection)دا، لەسەر پێستەو قاقەزەکۆنەوە هەن، ئەوانەشی، بەناوی (ساکەو = Sachau) وە، لە ساڵی ١٨٧٨ ـ (لاپەرە ـ ١١٤) ـ بە ناوی ـ (agyptische Zeitschrift Sparache fur) ەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



لەچاپ دروان، دەگەڕێنەوە بۆ هەشت سەدەیەک.

ئەمەش، زۆر نزیکە،کە مێژوویان بگەڕێتەوەبۆ چەند ساڵێکی کەم، پاش ئەو دەمەی، کە پارسەکان (٦١٦ ـ ٢٥.پ.ز) میسر داگیر دەکەن.

هەروەها، هەندێ، پارچەی دیکەهەن، کەلە سەر کاغەزی کۆن، یان، لە سەر پارچە (پەڕۆ)وە، نووسراونو لە (نامەخانەی بۆدلیان ـ ن =b.2Pers.Ms.(.P)(Bodlieian Library

لەمانە، لە هەموویاندا، ڕێنووس گەیشتووەتە دۆخێکی شێواو، کە بەتەواوی لای ئێمە، لە ڕێنووسی (MSS)ی کتێبێ پالەوی نوێدا، ئاشکرایە.

لەبەر ئەوە (ساکەو) هیچ هەوڵی نەدا، کە ڕووبەری خوێندنەوە (ترانسلیترەیش)ی پارچەکان بنووسێتەوە، چونکە لە پێکهاتوو (فۆرم)ی بەکارهاتووی کۆن (تەقلیدی)دا، تێبینی جۆراوجۆری دەکردئەوەش، وەهای دەرخست، کە هێشتا ئەو پێکهاتوانە، جێگیر نەبوون!!

دەربارەی زمانی قەباڵەکە، باشتروەهایەزۆرتر نەوترێ تاوەکو بە تەواوی و بە تەسەلەیی لێک دەدرێتەوە!!

نووسینی مێخی پارسیی وشەی ئارامیی تێنەکەوتووە، ئەگەرچی ئارامیی، بەشێوەیەکی ڕێک وپێکی، لە نووسینگە شاهە نشاهیە بێگانەکانیاندا، بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی نامە، بەکار دەهێنرا!!

لەگەڵ مێژووی نووسینی ئەم قەباڵەیەدا، ئارامیی وەک زمانی، بە تەواوی، چەسپێنراوە، هەروەک، لە حاجی ئابادا، دەیبینین.



بەم جۆرە، ئیمە ئەمانەمان هەن:  دووانە دوایینەکەیان، لەپالەوی



دواییندا، بەرچاوکەوتوون.

لە بەکار هێنانی (ئیزافەت = Izxafat)دا، لە  دا، پێویستە بگەینە ئەوەی،

Dr.Saleh Ebrahimi



کەوشەکان لەسەر شێوەی پارسیی خوێنراونەتەوە، بەو پێیەی، کە جۆرە نیشانەیەک، لەلای هەندێ پیتدا، هەن، بە تەواوی، هەروەک چۆن لەزمانی بابلیدا، شوێنەواری زمانی سۆمەری دیارە، بەوجۆرە، ئەمانیش، هەروەک وشەی سامیی دەخوێنرێنەوە. واش دەردەکەوێ، کەراهاتن، بۆ ئەو ولاتانەی، کە لەگەڵ، میسۆپۆتامیادا دراوسێن، زۆر ئاساییە.

لەوشە پارسیە پەتیەکاندا، ئەگەر من دەربارەی ד ד ב כ ד = رزبان = رەزەبان و דד, داد ـ ەوە راست بوییم، وا دەردەکەوێ، کە پێوست نەبووە (a) بە هۆی א یەوە، دیاریی بکرێ!!

پارێزگاری کردنی א لە ד ד ב כ ד دا، هەر لە مێژەوە، بەرچاوکەوتووە.

ناوەڕۆکی تێکستەکە، هەروەک وەها دەردەکەوێ، پەیوەندیی بەوەی ناو ئەوەی گریکییەوە، کە لەگەڵیدا بووە، هەیە!! ئەگەرچی، مەرج نییە، دەربارەی هەمان زەوییەوە، بێ،

ئێستا، ئەگەر (رەز)ەکە، بە ناوی (دادبەکەنرەس = Dadbakanras) (i' A ll)، یان (گەنزەک = Ganzake) (i B 12)، یا خود (دادبەکەباگ = Dadbakabag) (ii AB 7) ەوەبێ، ناوی چووارەمیش، دەبێ بێتە بەرەوە، کە ئەویش (ئەسمک = Asmk) یان (ئەسمتن = Asmtin)ە. (ناوی دوایینیان، واپێشان دەدات، کە جۆرە گەرِ خواردوویەکی (ئەسمین = asimin)ی پالەوی بێ، کە لە پارسی دا (سیم)ە، هەروەک (تەنی زیوین)، بەلام، ئەمە لەگەڵ، ناوی جێگادا، نەگونجاوە!).

بەهەر حاڵ، ئەوەی تێ بینی لی دەکری، ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا، تەنیا نیوەی فرۆشراوە، هەروەک، لە (گریکی _iB 14)یەکە دایەو نرخەکەشی (٥٥) زوزن (؟)ە. هەروەک لەگریکی (11,6) یەکەدا ئەمە (55) درهەم دەکات.

لەرووی پشتەوەی ئەو پێستەیەی، کە بە گریکی نووسراوە، هەندێ دیری پالەوی

Dr.Saleh Ebrahimi



نووسراون. بەڵام هەرچەندە، هەوڵو تەقالایەکی زۆرمدا، کە بیانخوێنمەوە، نەمتوانـی، هیچ وشەیەک، لەوانە، بە ڕاستوڕەوانی بخوێنمەوە.

بوونی ئەم نووسینە پاشکۆیە، ئەوەمانبۆ دەردەخات، کە هەندێ پەیوەندیی لە نێوان پالەوی گریکی دا، هەبووە.

(بەم جۆرە ئەوەی کاولی لەبارەی قەباڵەکەوە، لەگۆڤارەکەدا نووسیبووی تەواو بوو).

**دەمەتەقێی کە رەستەی ناو قەباڵەکە.**

(ئا) ـ پێشەکی کاولی پێمان رادەگەیەنێ، کە:

نەی ویستووە، شتێ بڵێ، کە جێگای گومان بێو چونکە رووالەتـی نـووسینی سـەر پێستەکە، بەهۆی تەمەنی درێژی و بەسەرهاتی دیکەی ناوچەکانی هەورامان، زۆر لێڵ و پەرپووت بووەو ئەوەی وەک خۆی وتوویەتی بۆی چووە، رۆشنی کردووتەوەو لەگەڵ ئەوەش دا، هێشتاهەر لەخۆی رازی نی یە، ئەگەرچیش بەرهەمەکەی رووالەتێکی رازاوەو تۆژینەوەیەکی وردی پێوە دیارە.

کاولی، سەرپاکی رەسەنورەچەڵەک و بنەچەورەگەزی وشەکان، بەپێی بۆچوونی خۆی، دیاریی کردووە؛ وشەی ئارامیی، هی گریکی، هی پالەویی، هی پارسیی، هەروەها ئاشووریی، یەکەیەکە دەست نیشان کردوونو جۆریان واتایانی، روشن کردووەتەوە.

کاولی، رێگاپیشانی پشکێنەر دەدات، کەجۆری نووسینی ناو ئەم قەباڵەیە، لەگەڵ هاو وێنەو هاو دەمیاندا، بەراورد بکرێو بۆ ئەوەی بگاتە، ئاواتی روشنی خۆی. هەروەها، کاولی، ئاموژگاری بەوە دەکات، کە جۆری نووسینی ئەم قـەباڵەیـە، لەگـەڵ ئـەوەی سابووری یەکەمدا، بەراورد بکـرێ، بـو ئـەوەی ئـەگـەر رووالەتـی شـارراوە هـەبن، دەربکەون.

کاولی، بەهەموو دڵسۆزییەکەوەو بەبێ لەخۆبایی بوون، هەندێ کێشەی سەرەکی

Dr.Saleh Ebrahimi



ناو قەباڵەکەمان، بۆ دەردەخاتو لەوانەش، ئەوەیە، کە ئەو جۆرە نووسینەی ئەو سەردەمە **(نووسینی قەباڵەکە)**، بە جۆرە، گۆڕانکاری یەک لەقەڵەم دەدرێ، کەلە جۆری میخی یەوە، بەرەو شێوەی نووسینی ئارامیی سەرەتایی سەردەمی ساسانیەکان، هەنگاوی نابێت! ئەوەش، بووە بە هۆی نەچەسپاندنی شێوەو ڕوواڵەتی نووسینی هەندێ پیت. لە بارەی پەیوەندیی زمانی ئارامییو پالەویەوە، کاولی، وای لەقەڵەم داوە، کە ئەو زمانانەی لە ناوچەکانی مسۆپۆتامیادان، یان دراوسێیانن، زۆر نەبێ کەم لە هەندێ ڕووەوە هۆگری بوونو شوێنەواریشی دیارە، هەروەک، چون شوێنەواری سۆمەری، لەبابلی دا، دیارە!

**(بێ) ـ بیروڕای ئێمە، لەم ڕووەوە.**

یەکەم، لە ڕووی زمانەوە.

نووسراوەکە، وشەی گریکی و ئارامییو هی ناوچەپییە. **(ناو)** زوربەی زۆری قەباڵەکەی داگیر کردووە، ئەوجا وشەی ئارامیی و ئاشووریی و تاکوتەراکیش وشەی ناوچەیی، کە کاولی، هەندێ جار، بە پالەویی، ناوی بردووەو هەندێ جاریش، بە پارسیی.

(ئا) ـ ئەوکەرەستە زمانیەی، کە بە پالەوی یان، بە پارسیی لە قەڵەم دراوە.

ـ **(ئەیێ = ae)**: ئەمە ڕاناوی ئاماژەیەو لە دۆخی (کارا)ی تاکدایە. لە ئافێستادا بە ڕوواڵەتی (ayam) هاتووە و بێگومان (ئەمیش) هەر لەهەمان دوخدایە.

شایانی باسە، لەو دەمەدا، کۆتایی دۆخەکانی قرتاوەو ئەوەش، هەنگاوێکی گەشەکردنی زمانە، چونکە، **هەروەک، لەباسی زمانی کۆنی کوردیی دا، باسمان کرد، (ناو)و** ئەوەی جێگەی ناو دەگرێ و **(ئاوەڵناو)و** هەندێ، کە ڕەستەی دیکەی زمانی، کۆتایی جۆربەجۆریان، لەدۆخەکاندا، هەیە. (تەماشای خاڵی سەرەکی، ١٥ ـ بکەرەوە).

ئەمرۆیش، ڕاناوی ئاماژەری **(ئەیاێ = ae)** لە هەندێ ناوچەی کوردەواریی دا، بە

Dr.Saleh Ebrahimi



هەمان واتا، بەکاردێ، کەچی بەکارهێنانی، ئەو راناوە ئاماژەیە، نە لە فارسیی ئەمڕۆداو هەیەو نە لەپاویی (پارسیک)دا، هەیە، بەڵکو لە پالەویی رۆژئاوایی‌دا کە **کوردیی ئەمڕۆکە** نەوەی نوێیەتی، هدیە!!

(هەمەی = هەمای) واتە، (هە مووی):

وشەی وەها دەمەتەقێ و لەسەر رۆیشتنی، پێ ناوێ کە کوردیی ناوچەی موکریان و هی ناوچەی شارەزووریشە. هەروەهالە ناوچەی گەرمیانیش‌دا، بە هەمان ئاوازەو هەمان واتاوە، بەکار دەهێنرێت.

حاڵی حازر، لەکوردیی ئەدەبیی‌دا، رووالەت و ئاوازی (هەمووی) وەرگرتووەو لە پالەوی‌داو لە پارسی‌دا (پارسی‌نوێ) ئەم وشەیەو بەم رووالەتە بەکار نە هاتووە!!

**رەزبان:** وشەی **(رەزەبان = رەزبان)**، چەند سەدەیەک پێش نووسینی قەباڵەکە هەبووە و بە هەمان ئاوازیشەوە، حاڵی حازر لە ناوچەی بادینان‌دا، بەکار دەهێنرێ. لەهەمان‌کات‌دا، لەهەندێ ناوچەتری کوردەواریش دا، بەهەمان ئاوازو واتاوە هەر بەکار دەهێنرێ و زۆر تریش لە رووالەت و ئاوازی **(رەزەوان)**دا.

بەشێوەیەکی روونتر، لە زمانی کوردیی سەرپاکی ناوچەکانی کوردستان‌دا، بە دوو شێوە ئاوازو رووالەتوە بەکار دەهێنرێت و ئە وانیش **(رەزەوان، رەزەڤان)**ن.

لە ناوزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، پاشبەندێ (ـ وان) و ـ (ڤان) بە زۆرێ بەکار دێت‌و زۆرتریش بە واتای (نیگابانکەر)، (ئاگاداری کەر)، (پاسکەر) دێت، بۆ وێنەی دە وترێ: (باخەوان، پاسەوان، کێڵگەوان، ئاشەوان...).

بەم بۆنەیەوە، سەبری بۆتانی یەژێ: «جووتیارن، گەرشڤانن + گەرپالەو رەزەڤانن». (ل ـ ١٨٤)

**ـ(مەیوان = مێ ی ـ وان)**. ـ وشەی (مەی)، لەکوردیی‌دا، بە واتای (شەراب)دێ. بە تایبەتی شە رابێ، لە ئاوی (ترێ = هەنگوور) دروست بکرێ. کەوابوو (مەیوان)

Dr.Saleh Ebrahimi



لێکدراوەو بە واتای کەسێ دێ، کە (مەی) دروست بکات.

بەهەر حاڵ، حاڵی حازر (مەیوان) لەناوچەی هەورامان‌دا، هەر بەکار دێ و هەر هەمان واتاشی هەبە.

لە پارسی نوێ دا، ئەم وشە ناساکارەیە، بەو واتایە بەکار نایەت!

-(ئێک = یەک)، (سەد = ١٠٠):

(ئێک) و (سەد)، لە زمانی کوردیی و لە زمانی پارسی -ش‌دا، شان بە شانی یەکتریی بەکار دەهێنرێن و هەردووکیشیان، لەئافێستادا بەشێوەو ئاوازی (ئەیفە) و (سەتە) هاتوون ئەمانیش، هەر هەمان دەستوور وەک ناوی ژمارەکوتاییەکانیان فرێ دراوە.

ئەوەی، کەلەم رووەوە دەبێ بوترێ، ئەوەیە، کە لەپالەویی‌دا (ئەیفە) بووە بە (ئیفەک = evak)، بەلاَم لە (پازەند)دا بووە بە (یەک = YAK).

ئەمڕۆ، (ئێک)و (یەک) بە ریز لە شێوەی هی ناوچەی بادینان‌داو لە شێوەی سۆرانی و لوڕیش‌دا، بەکار دەهێنرێن.

-(زەڕین) -بەشتێ دەوتری، کە لەزێڕ دروستکرابێ. لە پالەوی‌دا بەم شێوەو ئاوازەیە هاتووە (ف. معین، ل -٦٨٦). بەلاَم لە پارسی ئەمڕۆدا وشەی (تلا)لەبریی بەکار دێ.

لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، لە ناوچەی هەورامان‌دا **(زەڕ)** و **(تلا)** بەکاردێن و لە ناوچە کوردەوارییەکانی دیکەدا **(زێڕ)** و **(ئاڵتوون)**. بەکار دەهێنرێن.

ئەوەی، کە تێبینی دەکرێ، ئەوەیە، کە ماموٚستاکاولی، وای دەرخستووە، کە لەو کاتەدا، پەرثیەکان (پارەی زێڕیان) نەبووە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نووسراوەکانی ئاشوورییەکان، بە تایبەتی لەدەوروبەری فەرمانڕەوایی (سەنجاریب)دا، بەباشی بۆمان دەر دەکەوێ، کە زوربەی زۆری ئەو هۆیانەی کە پاڵی بە ئاشوورییەکانەوە ناوە، بۆ هێرش بردنە سەر **خەڵکەکەی ناوچەکانی ئەو دەمەی کوردستان**، بۆ مەبەستی دەستکەوتی زێڕو ئەسپو سەروەت‌و سامانی دیکە بووە. دۆزراوەکانی **(زیویێ)** ئەمان بەباشی بۆ روون

Dr.Saleh Ebrahimi



دەکەنەوە.

**ـ(داد = دەد)** ـ لە ئافێستادا (داد = dād) بە مەبەستی (قەد) کار، هاتووەو ئەوکارەش، یاخود ئە٨و (قەدەش)، ئەمرۆ، بەبی هیچ ئاڵوگۆڕێ، بەکار دێت.

لەئافێستادا (دادی = دادی) بە واتای (دەیدا)دێ، واتە: کارەکە رانەبور دووە. ناوی کاری شێوەی (داتەر)ی وەرگرتووە، ئەگەر بۆ (نێر)بێ و بۆ (مێ)ش دەبێ بە (داتەری).

یەکێ، لەو تێبینیانەی مامۆستاکاولی، لەم رووەوە، ئەوە بووە، کە فرمانی وەک (داد = دەد) ـ دێری سێیەم ـ ناگونجێ و پاشانیش هەمان واتای بەکار هێناوە!

قەدی (دا)لە رابوردوودا و هی (ـ دە ـ) لە رانەبور دوودا، **لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا،** بە زۆریی بەکاردێ و ئەمەش بێگومان خاڵێکی دیکەی بەهێزە، کە لە پاڵپشتی زمانی **(کوردی یەتی)** ناو ئەو قەباڵەیە.

**(بێ) ـ هەندێ کەرەستەی زمانی ئارامیی**

هەروەک مامۆستاکاولی روونی کردووەتەوە، (ئیزافەت)ی ئارامیی و (حەرفی جەر)و هەندێ (ئاوەڵکار) لەم قەباڵەیەدا، بەکار هاتوون.

ئەو ئامرازی پەیوەستە (ـ ی ـ ئیزافەت) و ئەو ئامرازی بەندانە (ـ لە ـ بە ـ ی پریپۆزیشن) و ئاوەڵکاری (وەک ـ پێش وپاش)، بەلای منەوە، هەر ئەو دەمە، جێگای خۆیان، وەک شیرازەیەکی (سامیی)، **گرتووەو لەناوکوردیی** ئەمڕۆشدا، شوێنەواریانەهەر لەبەرچاوە.

ئێمە، پێشتر وای بۆ چووبووین، کە پەیوەستی نێو زمانی کوردی (أضافە ـ ی) لەسەر دەمی ئیسلامەتی داکاری کردووەتە سەر زمانی کوردیی و چووەتە ناو مۆخیەوە، کە چی ئەمەی ئێرە، ئەوەی سڕیەوە!!

**(پێ) ـ لە بارەی ناوەکانەوە**

ـ بە بیروڕای من، لە هەندێ، رووەوە، گینسی ناوەکان دیاریی دەکرێن و ئەوانیش:

Dr.Saleh Ebrahimi



ورد بـوونەوە لە کۆتـایی وشـە (نـاو)و لەم گۆڕەپـانەدا، لە وانـەیە کـۆتایی گـریکی و ئاشووریی‌و پالەویی ئارامیی بێنە پێشەوە.

-لەوانەیە، لێکدراو، لە پارچەیەک ڕەسەن و بەندێ، یان پارچەیەکی بێگانە، بێتە بەر سەنگی مەحەکی دەمەتەقێ:

- ئەبێ ئەوەمان، لبیر نەچێتەوە، کە مامۆستا کاولی بە تەواوییی‌و بەدڵی خۆی، هێشتا ناوەرۆکی قەباڵەکەی نەخوێندووەتەوەو ئەوەشی، کەوتوویەتی، بە ڕادەیەک لیێ ڕازی نیێ‌یە، بۆیە ترانسلیترەیشنی‌بۆ نەکردووە!!

- ئەوەی، کەلەم بارەیەوە، بتوانین و بیڵێن، ئەوەیە، کە:

(ئاریل = Aril) ئەگەر خوێندنەوەی تەواوبێ، تا ڕادەیەک، ئاوازەکـەی خۆی بـە دەستەوە نادات!!

بۆمان هەیە، بەپێی ئەو ڕووبەرەی کاولی، بەم جۆرە (ئاریڵ) و (ئارێل) و (ئارێڵ)، (ئەرێل) و (ئەرێڵ) بیخوێنینەوە.

لەگەڵ، ئەم هەموو ڕووڵەتانەی خوێندنەوەیان‌دا، بومان هەیە، کە ئەم وشەیە (ناوە)، بە ناساکار بزانین‌و بە شێوەیەکی زۆر دیاریش، لێکدراوێکی دوو پارچەییەو ئەوانیش: (ئاری) و (هێل)ن. واتە؛ سەرەتاییەکی (ئاری نەژاد)ی ڕەسەن‌و پارچەیەکی بێگانەش کە (قەدی هیلین)ە.

واتە، ئەم ناوە برایەتی (ئاری) و (هیلین)ی کۆکردووەتەوە، یاخود (سەرە)ی (ئاری) و (کلک)ی (گریکی) بەیەکەوە بەستووە!!

ناوی (ئەسمک = ASMK) و (پتسپک = PTSPK) و (مـە تـنبگ = MATBNG)، سەرپاکیان، کۆتایی پالەوی‌یان هەیە، واتە، **ناوەکان ناوی ئەو ناوچە کوردەواری یـەن**، بەڵام کۆتاییەکانیان، کۆتاییەکی جیهانگیریی ئەو سەردەمەی ئێـرانـە، وێـنەش، بۆ ئەوە، هەر لەوکاتەدا، بە یەکێ‌لە **خەڵکی وڵاتی (ماد) (مادک** = madik) و تراوە. یاخود بەیەکێ لەپەخشانەکونەکانی ئـافێستای کۆن (هـات مـانسەر) (هـاتک مـانسریک = hatakmansrik) و تراوە، یاخود بـە (تـەڵا قـنامە)، (هـیلشن نـامەک = hilisn namak)

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوترێ، کە ئەمیش، وەک هەر ناوێکی سەردەمی بەرثی کۆتایی‌یە تایبەتیەکەی پێوەیە (تەماشای، فەرهەنگی پارسیی بە پهلوان ـ فرەوشی، بکە).

بیروراشمان لەبارەی کوتایی (ـک)ی ناوی (تیریک = Tirik) و (سینەک = Sinak) هەروەک ئەوانەی سەرەوە بوو.

لەبارەی لێک دانەوەی ناوەکانەوە بۆ وێنە، وشەی (تیریک) ناوێکی پالەویی رۆژئاوایی رەسەنەو پێک هاتووە، لە (تێگ) و (ـک)ی پاشبەند.

قەدی (تێگ) لە وشەی (تیگرە)ی. پالەوی‌یەوە هاتووەو کەئەمیش لەوشەی (تیگهرە)ی ئافێستایی یەوە وەری گرتووەو بەواتای (راست ورەوان)، بەواتای (تیر)، (گورج)، (وریا) هاتووە. پاشبەندی (ـک)یش هەروەک وتمان، پاشبەند (کۆتایی)ێکی پالەوی‌یە.

ئەشکانیەکان. ناوی بەم جۆرە (یان بە (تیر) دەست پێ کراو)یان، هەبووو تەنانەت، لەشاهەکانیشان‌دا، ئەم ناوە رەنگی دابوویەوە، بۆ وێنە (تیرداد ـ ی‌یەکەم) ناوی ئەشکی دووەم (٢٤٨-٢١٤ ـ پ.ز)بوو هەروەها ناوی یەکێکە لەمانگە زەردەشتی یەکان ئەم ناوی (تیریک)ی ناو ئەم قەباڵەیش جۆرە لاسایی کردنەوەیەکە.

بەڵام ناوی (سینەک = Sinak)، هەروەک ئیمەوەهای بو دەچین، ناوێکی ئافێستایی‌یە، بەواتای (باڵدار)، (دەست درێژ)، (دەست ڕۆشتو) هاتووە.

بەشێوەیەکی روشنتر، (سینەک) پێک هاتووە، لە (سنەیث = Sanais)، کە بەواتای هەردوو دەست (باڵ) هاتووەو لە پاشبەند (کۆتایی) (ـک) کەمەبەست پەیوەندایەتی‌یە، یاخود خاوەنیەتی‌یە، بەهەردووکیانەوە، واتای (خاوەن باڵ = باڵدار = دەستدار) دەدات.

ناوی (ئەسمک)، هەروەک وتمان بریتی‌یە، لە قەدی (ئەسم) و پاشبەندی (ـک)ی پالەویی.

(ئەسم) ناوی یەکێکە لە رۆژی مانگی زەردەشتی کە (ئەسمان)ە، یاخود ناوی شازدەهەمین رۆژی مانگی زەردەشتی‌یە (تراث فارس ل ـ ١٤٨). ئەمە، لەوە دەکات، کە لەوکاتەدا، لەدایک بووبێ، یان بەو ناوی رۆژەوە، لەبەر ریزی ناوەکە، لەرووی دینەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



ناو نرابێ.

ناوی (پتسپک)، ئەگەر خوێندنەوەی بەو جۆرە بێ،کە هەیە، بێگومان ناوێکی میدی‌یە، چونکە ریشەی (سپ = SP) میدی تێدایەو، ئەم ریشەیەش، لە ناوی قەڵاو جێگای میدیی و ناویی‌دا، بە زۆری بەکارهێنراوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر چێ،کە ریشەی (سپ = sp) ریشەی (ئەسپ = asp)ی تێدایەو میدیەکانیش بەو ناوەوە ناوبانگیان دەر کردووەو تەنانەت، بە **هەندێ (ئەسپ)ی رەسەنی میدی، (مادیان)** دەوترێ!! (تەماشای خاڵی سەرەکی ۱۱، ۱۲ ـ بکەرەوە).

(ئەفرۆتات = ئەوروتات)، وەک ناوی مانگ، بە ناوی‌یەکێ لە یاریدە دەرەکانی ئاهورامەزداوە ناو نراوەو هەروەک لە ئافێستاش‌دا، وەها هاتووە، ئەوانە (شەشن) و ئەوانیش.

(فەهو منە)،کە بەواتای (بیری چاک) هاتووەو (ئاشافە هیشتا)،کە بە واتای (فەرِی راستی)، (باشترین راستی‌یەکان) و (خشرافەیریا)،کە بە واتای (بەسەرداگرتنی پیۆیست) و (ئارمایەتی)کە بە واتای (سەردانە واندن) و (هە فرۆتات)،کە بە واتای (تەواوی تەندروستی) و (ئەمرتات)،کە بە واتای (نەمریی) هاتووە.

ناوی (رەشن)و ناوی (ئە رشتاد)، هەر یەکێ لەوانە روژێکن، لە رۆژەکانی مانگی زەردەشتی، واتە، (ئەشتاد = ئەرشتاد) ناوی حەفدەهەمین رۆژی مانگی زەردەشتی‌یە، ناوی (رەشن)یش ناوی هەژدەمین رۆژی مانگی زەردەشتی‌یە (ترات فارس، ل ـ ۱۴۸).

بە بەردەوامی، ئێستەش ئەم جۆرە ناوە لەناوکوردەواریی‌دا، بەکار دێ. **باوەگەورەی میرانی خۆشناو بۆناوەوەیە.**

ناوی (گریپنهی)، زور لە میدیی دەکات، چونکە، ریشەی (گر)ی تیدایەو پێکیش هاتووە، لە دوو بەش‌و ئەوانیش: (گریف) و (هی)ن.

پارچەی (گریف)، بە واتای (مل)، یاڵ، (لوتکە)، (مل بەرز) هاتووە **(ئیریەن فاچ، ل ـ ۲۴۹)**. پاشبەندی (هی)یش، بو ناوونیشانە،کاری ئاوەلناو، دەکات، لەوانەشە، بە واتای (مل درێژ = ملبەرز) هاتبێ!

Dr.Saleh Ebrahimi



**مێژاپادی.** ئەم ناوە، ناساکارەو پیکێ هاتووەلە (میثرا) و (پادی) وشەی (میثر) لە سەردەمی ساسانیەکاندا بووە بە (میهر). میهریش بە واتای خاوەن کەرەمو خاوەن سەخاوەت هاتووە. واتە، لە هیچ شتیکیدا، دریخی لەکەس ناکاتو هیچ فیلێکێو هیچ نەزانینێکی بەلاوە نی‌یە!!

بەهەرحال، (میثر)یان (میهر)، بە واتای (خوداوەند) هاتووەو کوری خودایەو هاندەرو وریاکە رەوەی حەوت خواوەندەکەیە، کەلە پالەویدا، **(ئەمهەرسپندان)**ی پێ وتراوەو لە سەروکلاوی هە خامەنشی‌یەکاندا، (ئەمشاسپندا)ی پێ وتراوە.

کەوابوو (میثرا)، خوای رۆشنایی و تینی گەرمایی‌یەو سەرباشقەی هەرامەی ژیاندنەوەیە، یاخود (خوداوەندی رۆژ)ە.

بەلام **(پادی)** دبێ لەوشەی (پایتی = paiti)یەوە بێو ئەم وشەیەش، بە واتای (بەردەست)، (لەلە)، (خزمەتکار) هاتووە.

بەو پێیە، دەبێ، وشەی ناساکاری (میثراپادی) واتای (رۆژپەرست)، یاخود (خزمەتکاری رۆژ)بێ. چونکە **(ئاثراپایتی)** بە واتای ئاگرپەرست) یاخود (خزمەتکاری ئاگر) هاتووە.

ئەوجا، هەر بەو بۆنە پیرۆزەوە، ناوی (میثرا)، ناوی یەکێکەلە مانگە زەردەشتی‌یەکانو خەڵکی تریش بۆ ناوی کوریان بە پیرۆزیان زانیوەوگرتوویانەتەوە.

وشەی (ئەسمتن)، هەروەکێ کاولی و توویەتی لەسەر رەگێو ریشەی (سیم)ەوە، دروستکراوەوکاولی، وای‌لەقەڵەمی داوە، کە ناوی بەو جۆرە بۆ ناوی ناوچە، یان دی، یان زەوی‌وزار، دروست نی‌یە.

دەبێ، ئەو ئاگاداری جوگرافیای ناوچەکە نەبووبێ، چونکە حاڵی حازر لە ناوچەکانی کوردستاندا، ناوی بەو جۆرە، بە جێگاو باخو چەمو دوڵو رووبارو جوگە...وە، هەن. بۆ وێنە، لە ناوچەی هەورامانـدا (زەردەهاڵ) (زەردیان)، (ئاسنەقەرد)، (وڵەسمت) هانەنەوتی، (زە رینجو)،... هەن. ئەو ناوانە، هەریەکەیان دوو پارچەی لێکدراونو هەر پارچەیێ، لەو دووانە، ناوی (کانزا)یەکی پێوەیە. خۆچەندان ناوی‌تری وەکێ **(دەرسیم)**

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا هەن.

حاڵی حازر، وشەی (سیم) وەک (زیو) لە لایەن شاعیرە کوردەکانەوە بەکاردێ و زوورتریش بەکار هاتووە.

بۆ، وێنە جزیری و توویەتی:

«شیرین لەبین، قەد نەی شەکەر        سیمین بەدێن، نازک بەشەر». (ل ـ ٥٤٣).

یان وەلی دێوانە دەلێ:

«بەو مینای گەردەن سیمی سافەوە        بەکە توون کۆی زوڵف، موشکی نافەوە. (۴. هـ ل ـ ٥٢)

سێ ناوەکەی دیکەش، کە کاولی پێشنیازی بۆناوی خاوەن زەوی وزارەکە، کردوون، (گـانزەک = Ganzak) و (دادبـەکـەنرەس = Dadbakanras) و (دادبـەکـەبەگ = Dadbakabag)، جگـە لەوەی، لەوانـەیەکـە بـەچەند جوٚرە ئـاوازی جۆراوجۆر بخوێنرێنەوە، بەبێ ترس‌ولەرز دەتوانین بلێین، کە لەناو کوردەواریی ئەمڕۆدا بەکار دێن، بە تایبەتی ئەوانەیان، کە بە (داد = däd = دەد) دەست بێدەکەن.

ئەمڕۆ، لەناو کوردەواریی‌دا، هەندێ ناوبە (داد) کۆتایی دێت، بۆ وێنە وەک، **(خوداد)**

**نوکتە:** همیداد **(پیرداد)** و **(میرداد)** لەو جۆر ناوانەن.

بەم پێیە، ناوی (دادبەکەبەگ) و هی (دادبـەکـەنرەس) دەبێ، لەسێ (بـەش) پێک هاتبن، یا چووار پارچەو ئەوانیش، بەم جۆرە:

ـ دادبەکەبەگ = داد + بەک + بەگ.

دادبەکەنرەس = داد + بەکە + نر + ەس.

بەشی یەکەمی هەردوو ناوەکە (داد = دەد)ە، بە واتای خودا، گەورە، بەداد هاتووە. هەرلەم (داد)ە، وشەی (دادەر = داتەر) پیکهاتووە، کە بە واتای (داهێنەر)، (خولقێنەر)، (دروستکەر) دێ.

وشەی (داد) لەپارسی ئەمڕۆدا (دادا)یە.

قەدی‌کاری (دەدا = dadä) هەر لەو ریشەیەوە پێکهاتووە، ئەمیش بە واتای (دەدا)ی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردیی هاتووە.

ناوی (**خوداداد)ی ئەمرۆی ناوکوردەواریی**، بە هەردوو بەشەکەیەوە (خودا + داد)، هەر یەک، واتایان هەیە.

بەشی دووەمی هەردوو ناوەکە (بەکە = baka)یە. هەروەک من وەها بۆی دەچم، ئەم (بەکە)یە لەبنەڕەتدا (فەکە = Vaka)یە، چونکە؛کان و شێوەی گۆکردنی دەنگی [ب] و [ف] لە یەکتری‌یەوە زۆر نزیکن. ئەگەر وەهابێ، ئەوە ریشەی (زمانی ئیریەن فەچ) یان (ئێریەن فاچ)ە.

کەوابوو، ئەمە (فەکە)یە، جێگەی (ئاوەڵناو) دەگرێتەوە، هەروەک چون (کوردە)،لە ناوی ناساکاری (حەمەکوردە)دا، ئاوەڵناوە، بەو جۆرە، ئەمیش (دادەفەکە)یە، یاخود ئەو کەسەیە،کە بە زمانی (فەک = فەچ = فاچ)گفت‌وگۆ (وتوویژ) دەکا.

(بەگ)،کە پارچەی سییەمە، لە وشەی یەکەمیاندا، چەند جارێ واتای لێک دراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش‌دا، والیرەدا، بە رووالەتە جۆر بە جورەکانیەوە لێکی دەدەینەوە.

(بەگ)، یان (بەگا)، یا (بەختا)، لە ئافێستادا هاتوون. (بەگ() بە واتای (گەورە) هاتووە، یان بە واتای (خوا) هاتووە. لە دەوری ساسانی‌دا رووالەتی (بەغە = بەغا)ی وەرگرتووە. بەلام (بەختە)یان، بە واتای (بەخت) و (شانس) هاتووە.

بەشی سێیەمی ناوی دووەم، کە (کاولی) بو ناوی خاوەن زەوی و زارەکە پێشنیازیکردووە بێگومان هەر یەکێکیان ئەوە، بەلام بەریکەوت، هەر چواریان پەیوەندی‌یان بە (باویی)ی ناوی ئەو سەردەمی ناوچانەوەیە.

**ددوەم، لە رووی کۆمەلایەتی‌یەوە**

ناوەڕۆکی، ئەو قەباڵەیە، پێمان رادەگەیەنێ، کە یەکیک هەیە، خاوەن زەوی وزارە، هەروەها، پێمان رادەگەیەنێ، کە باخەوانو رەزەوان هەن، کەلە زەوی وزاری خاوەن زەوی وزار، زەوی بەکرێ دەگرێو دەیکا بە رەز، یان هەر جۆرە باخێو سالانەی ئەو باخانە، یان، رەزانە، بە خاوەن زەوی وزار دەدات.

بەم پێیە، قانون یاسایەکی، دەربەگی بەرپایە، واتە، لە دێیەکدا، یان لەناوچەیەک

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکێ، یان پتر لەیەکێ، خاوەنی سەرپاکی زەوی وزار نو بۆیان هەیە، بیدەن بە هەریەکێ، بو ئەوەی ئەو یەکە ئاوەدانی بکاتەوە و بیهێنێتە بەروکاکەبەش لەوەدا، دەربەگ بێ‌و ئەویش بەکولەمەرگی بژی.

هەروەها، ئەوەمان، بۆ روون دەکاتەوە، کە میریی، لەهەموو کرین‌و فرۆشتێنکا شتێکی دەدرێتێ. جگە لەوەش، قەباڵەکە بە تەواوەتی مەرجی یاسایی کرین و فرۆشتنی تێدایەو هەواڵی (پەشیمان‌وایی) شمان دەداتێ، کە ئەو دەمە باو بووە!

**سێیەم، لەرووی رامیاری یەوە.**

قەباڵەکە هەواڵی ئەوەمان دەداتێ، کە دەم دەمی ئەشکانیەکانە، بەلام جۆرە بەرەللایی یەک، بە یاساکەیانەوە دەردەکەوێ، کە وەک پاشاگەردانی لەبەکار هێنانی جۆرو شێوەی زماندا. واتە، لە ماوەی دەوروبەری (٧٠-٦٠) ساڵێکدا، لەو سێ قەباڵەیەدا، دوو جوره زمانمان پیشان دەدرێن، زمانی گریکی‌و **زمانی ناوچەیی ناوچەی** هەورامان. هەروەها بەکارهێنانی دراوی بێگانەی جۆراوجۆر.

لەساڵانی (٨٨) و (٢٢)ی پێش زاییندا، دوو قەباڵە، بەزمانی گریکی تۆمار دەکرێن و (١١، ١٢)ی پێش زایینیشدا، ئەوی دیکەیان بەشێوەی (پالەویی وەک، وەهاگوتراوە) تۆمار دەکرێ!

ئایا، ئەم ماوەکورتە، بۆ ئەم دوو جۆرە زمانە چیدەگەیەنێ! ئایا لەم ماوەکەمەیەدا، ئەم شۆڕشە بەرپا بوو، ئەو زمانە، باوی نەماو باوی ئەم هاتە بەرەوە؟

من، ئەم جۆرە ئاڵ‌وگۆڕە، بەو جۆرە بیری لێ ناکەمەوە! بەڵکو من، وەها، بۆی دەچم، کە **هۆی ئەو ئاڵ وگۆڕە، بۆ دەوری (میرزابنووس =کاتب)** دەگەڕێتەوە!، ئەگەر زانیمان، کە سەد ساڵێ لەمەو بەرتر، خەڵک، دیهاتەودێهات، بەدوای میرزایەکدا، دەگەڕا، کە نامەیەکی بو بخوێنێتەوە.

**کەوابوو (میرزا =بنووس)ی** ئەو دەمە، لەوانەیە، بە چەند ناوچەیەک ئەوجا یەکێکیان تیادا بوو بێ‌و ئەو یەکەش، زۆرتر ئارامیی بووەو بۆیە وشەی ئارامیشی هێناوەتە ناوەوە!

ئەم بۆ چوونەم، منی خستووەتە، سەر ئەو رێیەی، کە بڵێم، ئەو کاتەی کە ئەو دوو

Dr.Saleh Ebrahimi



قەباڵە گریکیەی تیادا نووسراون، هیچ جورە رووالە تێکی رامیاریی جیاوازی لەگەڵ کاتو دەوروبەری قەباڵەی سییەمدا نەبووەو ئەوەشی، کە بووە بە هوێ تومارکردنی ئەو دوو جۆرە زمانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ زانایی (میرزا) کەیان!

**چووارەم، ئەنجامی ئەمەی سەرەوە.**

پاش ئەوەی، کە (کاولی)، بۆ چەند جارێ پاتی دەکاتەوە، بەوەی کە هەندێ رەمز هەنو چەندان جارێ ئەو رەمزانە پات بوونەتەوەو هاو وێنەشیان لە نووسینە پالەوی یەکانی (حاجی ئاباد)، یان ئەوەی (جەستی)دا دەستناکەونو یان ئەگەریش هەندێکیان هەبن، لە هەندێ رووەوە، **ئەمانەی ئێرە شتێکی تایبەتی یان هەیە**، کە ئەوانی دیکە نی یانە!

ئەمە، لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە، کە دەمەتەقێی ناو قەباڵەکەدا، بۆمان دەرکەوت کە زوربەی ناوەکان، **ناساکارن و بەلای ناوی دینی دا دەڕۆن، یان ناوە دینین** و زوربەی زۆریشیان، وەک خۆیان، لە **ناوکوردەواریی ئێستادا، بەکار دێن!** کە لە پارسی دا، بەو جۆرە بەرچاو ناکەون!

پتر لەمەش، کاولی رووبەری ناوەڕۆکە (ترانسلیترەیشن) کەی، نەنووسیوەتەوە، جونکەلە خوێندنەوەکە ـ (بە هۆی ئەو کێشانەی سەرەوە، بە هوی ئەوەوە، کە هەندێ کەرەسەی ناو قەباڵەکەلە پالەویی دادەستی ناکەوێ!) ـ دڵنیا نەبووەو ئەمانەش بیرمان بۆ ئەوە دەبەن، کە بڵێنین؛ زمانەکە، **زمانێکی ناوچەیی بووە**. بویە وەها، لە لایەن زانایەکی وەک کاولی ـ یەوە هەر؛ شێوەیەکی لێلیی پێوەیە. پتر لەمەش ئەو تێکستە دینی یە مانەوی یا نەی، کەلە **(تۆرفان) دۆزراونەتەوە**، سەر پاکیان، یانزوربەیان بەپیتی ئارامیی نووسراون، بەڵام ناوەڕۆکەکەیان، **پەزمانی (پەرثی) یان پالەویی رۆژ هەلاتی یەو** لە رێنووسەکەدا هیچ جورە نیشانەیەک بۆ پیتەکان نەکراوە، کەوەک، ئەو نیشانانەی ناو قەباڵەکەی هەورامان بن! ئەمەش، دیسانەوە، گومان لەوەدا ناهێڵێ کە زمانەکەی، ناو **قەباڵەکە، زمانێکی ناوچەیی بووە.** (تراث فارس، ل ـ ٣٢)

Dr.Saleh Ebrahimi



## قەواڵە کۆنی باغی هەورامان

هەندێ لەو سەرچاوانەی قەباڵەی باغی هەورامانیان ناساندوە. بەلگە و سەندی ئەوانە لە هەورامان، سێ: (۳) بەلگەی کرین و فرۆشتنە کە بەسەر پێستی ئاسکەوە، نووسراوە و لە هەورامانی کوردستان دۆزراونەتەوە، ئەم پێست و چەرمە لەسەر نووسراوانە لە ئەشکەوت و غارێکدا لە کۆسالان پەیدا کراوە، لە ۱۹۱۳ی زاینی لە مۆزەی بەریتانیا پارێزراوە و رێکە و تە، لەگەڵ ۸۸ تا ۸۷ بەرلە زاین و بەزمان و خەتی یۆنانی یە، لە پشت یەکێ لەوانە چەن واژە بەزمان و خەتی پارتی نووسراو نەتەوە، کە کورتەی دەقە یۆنانی یە کەیە (تەفەزولی، ۷۷) ئەم سەنەدانە لە بابەت فرۆشتنی نیوی لە باغە میوێی (تری یێ) بە ناوی «دادبەکان» لە دیێ «کوپانیس» کە لەوە دەچێ دیێ «گوپی» ئیستابێ، کەلە قەرداغ لە رۆژاوای شارەزور دایە (ئیرانیکا)، سەنەدو قەباڵەی سیوەم، بە زمان و خەتی پارتین و هەی سەدەی یەک (۱) ی زاینییە (ئیرانیکا، ۳۳م تەفەزولی، هەرئەوێ: ۵۲ ـ ۵۳م). ئەم قەباڵە دارای ۸ خەتە و خەتی ۷ و ۸ تەکرار و دوپاتەی مەبەستە ئەسڵی یەکەیە (نیبرگ 187) ولە بابەت فرۆشتنی نیوی لە باغەترێیەکە، کە (پاتەسپەک، کوری تیرین)، ئەوەی بە (ئاوێل، کوری بەشنین)، فرۆشتووە، لەم قەباڵەدا بێجگە لە نیوی فرۆشیار و کریار، ناوی چەن شایەدیش نووسراوە (ئیرانیکا) سەرچاوە: تەفەزولی، ئەحمەد، تاریخی ئەدەبیاتی ئیران بەرلە ئیسلام، بە تێکۆشانی ژاڵە ئاموزگار، تاران، ۱۳۷٦ی هەتاوی و هەروا:

Iranica: Nyberg, HS, "the pahlavi Documentts Avyroman" le monde oriental. paris 1923, vol XV11.

شەوکەت سابیری، دایرە تولمە عاریفی بوزرگی ئیسلامی ج ۱۰ پەرەی ۴۲۱ چاپی ۱۳۸۰ تاران.

هەورامان سەر زەوی یەکی کوێستانی یە، بە درێژایی ۷۰ کیلومیتر لە رۆژاوای

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستانی بەشی خوّر هەڵات کە لە باشوری شیوو دوڵی شللیر تا چەمی سیرەوان کێشی هەیە (موخبیر، ١٢٦؛ رەزمارا، ٤٨، قیس؛ ئێرانیکا، هەروا E12 کە درێژایەکەیان بە ٥٠ کیلومیتر داناوە)، شاخ و داخی هەورامان لە سەخت ترین و نارێک و پێک ترینی کێوەکان سازدراوە کە بەشی باکوری یەکەی کەمێ کراوە ترە (رەزمارا، هەرئەوێ) کێف گەلێ لەم بەشە لەهەوراماندا هەیە کە دوندەکەیان لە دو هەزار میتر بە رزترە، کە بە رزترین‌یان ٢٩٨٥ میترە (ئیرانیکا) هەورامان بە دو بەشی هەورامانی دزلی، لهۆن، هەورامانی تەخت وریژاو نێودەبرێ. بەرزایی شاهۆ کە لە باکوری رۆژاوای رەوانسەر، دەس پێی دەکا تا سنوری خوراوای ئێران کێشی هەیە و هەورامان لە بەشی کوردستانی رۆژ هەڵاتی‌دا، دەبێتە دو بەشی باکوری و باشوّری کە بەشی باکوری بەنێوی هەورامانی تەخت و بەشی باشوریش هەورامانی لهۆنە، هەورامانی دزلی لە نێوان ئەم دوانەدا دێتە ژمارو بەشی کوێستانی یەکەیەتی (کوکلان، ١٠٦) ئەم بەشە کوێستانی یە خێوی دوگوزەرگایە، بەنێو کەلوێ بەدرێژایی ١٢ کیلوّمیتر و دزلیش تا ١٠ کیلوّمیترە (رەزمارا، ٤٨ - ٥٠) هەورامانی تەخت و رێژاو، ئێستا بەدێی‌کانی سەر بە بەشی سەوڵاوا (سەرواوای شاری) مەریوان دێتەژمار (فەرهەنگی کوّمە لایەتی... «١/٢٩» سازمان «مەکوّ»ی دابەش کردن... ٤١) هەورامانی لهۆن‌ی باشوری دراوە بە کرماشان و هورامانی لهۆنی بەشی باکوریش دراوە، بە نەوسود ـ ی شاری پاوە (فەرهەنگی ئاوەدانی یەکان... ٨ و ٩). (شەپۆل).

هۆزە کوردە ناو بە دەرەوەکانی هەورامی کوردستانی بەشی رۆژهەڵاتی ئەمانەن: بارام بەگی، حەسەن‌خانی، مستەفا سولتانی، فەتالی بەگی، میران بەگی، کۆنەپۆش وکانی سانان (میرنیا، ١١٧ - ١١٨، سەعیدیان، ١٠٣٨). دەڵێن: هەورامان لە هۆرە سرودی دینی زەردەشتیان وەرگیراوە: (جوغرافیا... ٤٠٥، ئەفشار، ١٥١٩/٢) زاراوەی هەورامانی لە زاراوەی کوردی گۆرانی نیزیکە (ئۆرانسکی، ٣١١؛ باسیلی نیکیتین، ٣٧٢، سولتانی، ٢٦٦) ـ لە ١٨ی مانگی، سپای موسولمانانی عەرەب بە فەرماندەیی

Dr.Saleh Ebrahimi



عه‌بدوللاّبن عومه‌رو ئه‌بو عوبه‌یده‌ی ئه‌نساری به‌ره‌و شاره‌زور له‌که‌ناری هه‌ورامـاندا، هاتن و له چه‌می سیروان په‌رینه‌وه و له یه‌که‌م هێرشا ئه‌بو عوبه‌یده‌کوژرا و لاشه‌که‌ی له داوێنی کێوێ له شاره‌زورکه ئێستا ئه‌وێ به‌نێوی ئه‌با عوبه‌یده، ناودێره، ده‌که‌وێ، عه‌بدوللاّبن عومه‌ر، دوای سه‌رکه‌وتن مزگه‌وتێکی گه‌وره‌ی له و نێوه‌داسازدا (سه‌رچاوه‌ی به‌رو ۵۲) له هه‌ورامانی باشوریدا سولّتان سه‌هاك دامه‌زرێنه‌ری ئاینی یاری و ئه‌هلی حه‌ق، سه‌ری هه‌ڵداوه، که نێوی سولّتان ئیسحاقه و به سه‌هاك یا صه‌حاکیش نێو ده‌برێ (سه‌رچاوه‌ی به‌رو ۲۶٦، دایره تولمه عاریف ۰۰۰ ۲/۱۱٦). گلّکۆکه‌ی له‌و شۆنه‌یه، که ئه‌رکانی مه‌سله‌کی ئه‌هلی حه‌ق له شوێنێ به ناوی «په‌ردیوه‌ر» دیاری کردوه و به زمانی کوردی شێوه هه‌ورامانی به «بیابس په‌ردیوه‌ر» ناوده‌برێ: (سه‌رچاوه‌ی به‌رو ۲/٦۱۰ ـ ٦۱۲ /٦۵۵۳ ـ ٦٦۲) ـ سه‌رچاوه: ئورانسکی ۱ و ۴ موقه‌دده‌مه‌ی فیقهولۆغه‌ی ئێرانی ته‌رجه‌مه‌ی که‌ریم که شاوه‌رز تاران ۱۳۵۸ی هه‌تاوی، ئه‌فشار سیستانی، ئێره‌ج، کرمانشاهان و ته‌مه‌دونی دێرینه‌ی ئه‌و، تاران ۱۳۷۱ جوغرافیای کامڵی ئێران وه‌زاره‌تی فێرکردن و بارهێنان، تاران، ۱۳٦٦، دایره تولمه عاریفی ته‌شه‌یوع، به تێکۆشانی ئه‌حمه‌د سه‌در حاج سه‌یید جه‌وادی و خه‌ڵکی‌تر، تاران، ۱۳٦۸ ـ ۱۳۷۱، ره‌زمارا، عه‌لی، جوغرافیای ئێران، وه‌رازه‌تی نێوخۆ، تاران ۱۳٦۰، فه‌رهه‌نگی، ئاوه‌دانی یه‌کانی ولاّت، سه‌ر ژمێری گشتی جوتیاران (۱۳٦۷) ئوستانی باخته‌ران: «کرماشان» ناوه‌ندی ئاماری ئێران، تاران ۱۳٦۹ی هه‌تاوی، فه‌رهه‌نگی کۆمه‌لاّیه‌تی دێکان و موچه‌و مه‌زرا‌ی ئوستانی کوردستانی سنه، جیهادی سازه‌نده‌گی، تاران، ۱۳٦۳، کوکلان، جوغرافیای نیزامی ئێران، تاران، ۱۳۳۳، موخبیر، محه‌مه‌د عه‌لی، سنوره‌کانی ئێران، تاران، ۱۳۲۴ی هه‌تاوی، میرنیا، عه‌لی، ئیله‌کان و تایفه‌کانی عه‌شایری کوردی ئێرانی، دایره تولمه عاریفی بوزورگی ئیسلامی ئێران په‌ره‌ی ۴۲۱ تا ۴۲۰ ج ۱۰ چاپی ۱۳۸۰ ی هه‌تاوی تاران (شه‌پۆل).